نەوژین

ژمارە (١٥) یەکشەمە ٢٠١٨/٢/٢٥

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

تاکە کچە
پەیکەرسازەکەی
گەرمیان

7««

زانکۆی گەرمیان بەرگەی نمایشی تابلۆی 2 کچە شێوەکاری نەگرت

▪ نەوژین

تابلۆی ٢ کچە شێوەکار و کورە شێوەکارێکی گەرمیان لە پێشانگایەکی شێوەکاری لەزانکۆی گەرمیان لەژێر فشاری هەندێک مامۆستا و خوێندکار لادەبرێن بەو پاساوی «نیمچە روتن»، دو کچە شێوەکارەکەش لەوبارەوە بۆ (نەوژین) قسە دەکەن.

رۆژی چوارشەمە، ٢٠١٨/٢/٢١، لە زانکۆی گەرمیان پێشانگایەکی شێوەکاری فێرخوازانی بەشی شێوەکاری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار کرایەوە، بەڵام بە فشاری چەند مامۆستا و خوێندکارێکی زانکۆ، ٤ تابلۆ کە سیانیان هی ٢ کچە شێوەکارن، لابران.

سەردار حەمید، بەرپرسی بەشی شێوەکاریی لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، لەوبارەوە بە (نەوژین)ی وت: چەند مامۆستا و خوێندکارێک بە پاساوی ئەوەی وێنەکان روتن و نەشیاون، داوایان کرد لایان بەرین، بەڵام ئێمە رازیی نەبوین، تا سەرەنجام پاش تەلەفۆنی بەرپرسانی زانکۆ و لەژێر هەڕەشەی ئەوەی ئاڵۆزیی دروست دەبێت و تابلۆکان دەشکێنن، چوار تابلۆکە لابران.

وتیشی: نە سەرۆکی زانکۆ و نە هیچ بەرپرسێکی زانکۆ، پاش ئەم رووداوە پەیوەندیان پێوەنەکردین.

نەوژین، بۆ بەدواداچونی ئەم پرسە، پەیوەندی بە (د.سیروان حەسەن) سەرۆکی زانکۆی گەرمیانەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندیەکەی نەدایەوە، تائێستاش زانکۆکە بێدەنگترین لایەنە لەبارەی ئەم روداوەوە.

لایخۆشیەوە، بێریڤان محەمەد، یەکێک لەو کچە شێوەکارانەی کە تابلۆکەی لابراوە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەو تابلۆیەی من کێشاومە هی هونەرمەندی هۆڵەندی (ڤان کوخ)ە وناوی (مەینەتی) یە، کە باسی ئافرەتێک دەکات پیاوان پێی دەڵێن سۆزانی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە پیاوانن ئەوان دەکەن بە سۆزانی و بۆ بژێوی ژیانیان پارەیان پێدەدەن».

وتیشی: ڤان کوخ لە نامەیەکدا بۆ براکەی دەربارەی ئەو وێنەیە دەڵێت: ئەو ژنەی ناو تابلۆکە لە ئێستادا لەبەر تەمەنی بەلاوەنراوە و پیاوەکان ئامادەنین سێکسی لەگەڵدا بکەن و پارەی پێبدەن، چونکە پیاوەکان دەچنە لای ژنانی گەنجترەوە و دەیانەوێ تێرتێر خۆشییان لێوەربگرن، کاتێکیش دەگەنە تەمەنێک وازیان لێدێنن، بۆیە گەر ببینی ژنەکە لەبرسێتیدا لەشی زۆر لاوازبوە و پارەی پێنەماوە بۆ بژێوی. هەر بۆیە تابلۆکەم ناو ناوە (مەینەتی)».

ئاماژەی بەوەشکرد: بێگومان ڤان کوخ لە هەستی مرۆڤانەی بەرامبەر ئافرەت ئەم تابلۆیەی کێشاوە و وەهایش چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە بۆمان و نامەکانیشی ماون.

هاوکات (شەریهان یونس)، یەکێکی تر لەو کچە شێوەکارانەی کەوێنەکەی لابرا، بۆ (نەوژین) وتی: «پێموایە لادانی وێنەکان ئاستی رۆشنفکری زانکۆی خستە ژێر پرسیارەوە».

وتیشی: «ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە هێشتا نەمانتوانیوە وێنەیەکی ئیرۆتیکی و وێنەیەکی سێکسی لێک جیا بکەینەوە».

هاوکات (بێریڤان محەمەد)یش وتی: «لادانی وینەکانی ئێمە بۆ ئەو عەقڵیەتە دەگەڕێتەوە کە هێشتا کۆمەڵ بە چاوی هونەریی سەیری کارەکان ناکات».

بەڵام بەپێچەوانەوە، نوسەرێک ئەم هەڵایەی لەسەر وێنەکان دروستبوە، بە جیاواز دەبینێت.

سەردار عەزیز، لەوبارەوە دەڵێت: «وەها دەردەکەوێت کە لە کەلار هونەر خەریکە لە دایک دەبێت».

بنەبڕکردنی خەتەنەکردنی مێنە و ئەزمونی ٧ ساڵی کارکردنم

9««

جەین ئەوستن، ئەو ژنەی لە بری هەمو ژنێک دوا

7««

کچە گوندییەکان ناچار دەکرێن واز لە خوێندن بهێنن

4««

ژنان ئیتر شەرم ناکەن لە سواربونی تاکسی

2««

جوان، بەرگدورێکی خاوەنپێداویستی تایبەت

6««

ژنانیش قژیان هەڵدەوەرێت

10««

ژنان ئیتر شەرم ناکەن لە سواربونی تاکسی

▪ نەوژین،
کاسیا فەریق- ئالا عادل

هەتاپێش چەندساڵێک، یەکێک لە حاڵەتە دەگمەن و کەم بینراوەکانی گەرمیان، سەرکەوتنی ژنان بو لە ئۆتۆمبیلی تەکسی، بەڵام لەم ماوە کەمەی رابردودا، رەوشەکە تاڕادەیەکی زۆر گۆڕاوەو ژنان بەبێ خەمی تەکسی بەکاردێنن، ئەمەش لەگەڵ رەوینەوەی ئەو قسەوقسەڵۆکانەی کەلەم بوارەوە دەکران.

ئێستا رۆژانە دەیان کچی گەرمیان و کەلار، بۆ رایی‌کردنی کارەکانیان، ئۆتۆمبیلی تاکسی بەکاردێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جۆرێک لە متمانەیان بەرامبەر شۆفێران پەیدا کردوە، ئەگەرچی تائێستا ژنانێک هەن هەر سڵ دەکەنەوە.

مژدە محەمەد، ٢٠ ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، زۆرجاربۆئیشوکارەکانی سواری تەکسی دەبێت، بەباوەڕبەخۆبونێکەوە وتی: «دەتوانم لە هەر کاتێک بێت لەگەڵ شۆفێرێکی تەکسی سەر بکەوم بەبێ هیچ ترسێک.»

هۆکاری ئەو سڵکردنەوانەی لە رابردودا بونی هەبوە، بۆ قسەوقسەڵۆکی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، کە تێڕوانینیان بۆ ئەم پیشەیەو شۆفێرانی بەگشتی باش نەبوە، ئەگەرچی لە رابردودا بونی تەکسی لە ناوچەکەدا زۆر کەم و سنورداریش بوە.

هەندێک لە شۆفێرانی تەکسی ئاماژە بەوەدەکەن بەهۆی بچوکی ناوچەکە و قسەی کۆمەڵگاوە، ئافرەتان ناتوانن زۆر لەگەڵیان سەربکەون.

کاروان عەبدوڵلا، ٢٩ ساڵ، شۆفێری تەکسیە لەناوشاری کەلار، بە (نەوژین)ی وت: «کۆمەڵگا وایکردوە کە ژنان نەتوانن متمانەی تەواو بە شۆفێرانی تەکسی بکەن، بەهۆی ئەو تێڕوانینەی لەچاوی کۆمەڵگاوە بەرامبەر شۆفێرانی تەکسی هەیە.»

بەڵام بەشێکی تر لە شۆفێرانی تەکسی پێیانوایە کە توانیویانە متمانەی ژنان بەدەست بێنن، کە بەتەنهاش لەگەڵیان سەربکەون.

> **کۆمەڵگا وایکردوە کە ژنان نەتوانن متمانە بە شۆفێرانی تەکسی بکەن**

مەحمود عەبدولکەریم، ٤٠ ساڵ، شۆفێری تەکسی ناوشارە لە کەلار، بە (نەوژین)ی وت: «وەکو شۆفێرێکی تەکسی خۆشحاڵم بەوەی کە خانمان دەتوانن لەگەڵماندا سەر بکەون بەبێ هیچ ترسێک.»

وتیشی: «ئەوان خوشک و دایکی ئێمەن، بەشانازییەوە دەیان گەیەنینە شوێنی مەبەست.»

لەبەرامبەریشدا بەشێک لەخانمان تێپەڕاندنی ئەو ترس و سڵکردنەوەی هەبوە پێشتر لە سەرکەوتنی تەکسی لەلایەن ژنانەوە، دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا رەفتاری نەشیاویان بەرامبەر نەکراوە.

دیانە نەوزاد، ٣٠ ساڵ، کە پیشەی فەرمانبەرە، باسلەوەدەکات: «دڵخۆشم بەوەی لەشارەکەمدا شۆفێرانی تەکسی بونەتە جێگای متمانە لای خەڵک و بەتایبەتی خانمان.»

وتیشی: «من تاوەکو ئێستا هیچ هەڵسوکەوتێکی نەشیاوم لەلایەن شۆفێرانی تەکسیەوە بەرامبەر نەکراوە، بۆیە بەبێ کێشە بەکاری دێنم.»

لەلایەکی دیکەوەو سەربارى ئەم بەرەوپێشەوەچونانە، بەڵام ژنانی دیکەش هەن کە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە هەر کاتێک بیانەوێت لە تەکسی دا سەربکەون، ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی تاوەکو ئیستاش ناتوانن متمانەی تەواویان بە شۆفێری تەکسی هەبێت.

پەیمان سلێمان، ٣٧ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «تائێستا لەگەڵ شۆفێرێکی تەکسیدا بەتەنها سەر نەکەوتوم، چونکە نەگەشتوم بەو قەناعەتەی بەتەنها سەر بکەوم و دوچاری قسەو رەفتاری نەشیاو نەبمەوە.»

بەڵام بەڕێوەبەری گواستنەوەی گەرمیان، باسلەوەدەکات کە تائێستا هیچ سکاڵایەکیان لەلایەن ژنانەوە بەدەست نەگەیشتوە کە باس لە نەشیاویی مامەڵەی شۆفێرانی تەکسیی ناوشار بکەن.

ئیدریس مستەفا، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «ئەگەر هەر خانمێک هەڵسوکەوتێکی نەشیاو یان قسەیەکی بەرامبەر کرا لەلایەن شۆفێرانی تەکسی، دەتوانێت لای ئێمە سکاڵا بکات و ئێمە رێکاری یاسای بەرامبەر دەگرینە بەر.»

ئەو بەڕێوەبەرە سەربارى ئەوەی نەیشاردەوە کە هیچ بنەمایەکیان نییە کە باس لەو بوارە بکات، بەڵام ئاماژەی دا «تا ئێستا هیچ سکاڵایەکی لەو جۆرە نەهاتوەتە لامان.»

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە تۆڕی خەڵەتاندنی کچان

▪ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

پەخشان، دەیویست وەکو هەر تاکێکی تر کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرگەرمی و تێپەڕاندنی کاتێکی خۆش بەکار بێنێت، بەڵام ئەوەی بەسەریدا هات، بەتەواوی پێچەوانە بو، ئەویش کاتێک بەهۆی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییەوە خەریک بو ژیانی لەدەست بدات.

چیرۆکی ئەم کچە گەرمیانییە، نمونەیەکە لە چیرۆکی ژنان و کچانێکی زۆرتر، ئەوانەی کاتێک لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وێنە و زانیارییان بە شێوێندراویی و ساختەکاریی بڵاودەکرێتەوە، یاخود ناچار دەکرێن لەترسی بڵاونەکردنەوەی وێنەو زانیارییان، پەیوەندی لەگەڵ کوڕان دا گرێ بدەن.

پەخشان، ئەو کچەی لەسەرەوە ئاماژەمان بەناوی دا، باسلە سەربوردەی خۆی لەگەڵ تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک دەکات و دەڵێت: «کوڕێک وازی لێنەدەهێنام و بەردەوام پەیوەندی پێوەدەکردم و داوای بینینی دەکردم، بەڵام من رەتم کردەوە، شەش مانگی پێچو هەڕەشەی لێکردم نەم وێرا لای خێزانەکەم باسی بکەم، سوێندی خوارد وێنەی بۆ نەنێرم کێشەم بۆ دروستبکات، منیش بۆ ئەوەی وازم لێبێنێ بۆیم نارد».

بەردەوام بو و وتی: «دو مانگی تری پێچو وتی نەتبینم ئەوا وێنەت بڵاو دەکەمەوە، ئیتر خەو و خۆراکم لێشێوا».

وەک (پەخشان) هێمای بۆ دەکات، ئەو کوڕە دەستی بۆ کارێکی قێزەونتر و مەترسیدار تر برد. وتی: «لەهەژمارێکی ساختەی فەیسبوکەوە وێنەکانی بڵاوکردمەوەو وتی گوایا خۆشەویستی من بوەو ئێستا خیانەتم لێکردوە، منیش بەتەواوی روخام و زۆر ترسام خێزانەکەم پێم بزانن ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە».

> **لە فەیسبوکێکی ساختەوە وێنەکانی بڵاوکردمەوەو وتی خۆشەویستی من بوە**

ئاماژەی بەوەشکرد کە لەتاو ئەم هەمو خەیاڵ و ترسەدا، پەنای بۆ خۆکوشتن بردوە، بەڵام هاوڕێکانی بە هانایەوەهاتن و رێگریان لێکردوەو پاشان سەردانی کوڕەکەیان کردوەو وێنەکانیان پێ سڕیوەتەوە.

لەهەندێک باری تر دا،هەندێک لە کوڕان پاش ئەوەی کچان پێیان رازیی نابن پەیوەندیان لەگەڵ ببەستن، وێنەو زانیارییەکانی ئەو کچانە بەکاردێنن و ساختەی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە بۆ ناوبانگ زڕاندنیان. ئەم کارە، لەگەڵ (تریفە) دا کراوە.

ئەو کە کچە خوێندکارێکی زانکۆیە، بۆ (نەوژین) وتی: «کوڕێک هەمیشە پەیوەندی پێوە دەکردم، نەمدەزانی کێیە بەزۆر دەیوت شوم پێبکە، هیچم بەخێزانەکەم نەوت، وازی لێهێنام ساڵێکی پێچو رۆشتمە زانکۆ، رۆژێک هاوڕێکانم بەکوڕ و کچەوە بەپەلە پێیان وتم لەفەیسبوک پەیجێک وێنەی تۆی وەک سەماکەرو لەشفرۆشێکی گەرمیانی بڵاو کردوەتەوە».

ئەم هەواڵە بەس بو بۆ ئەوەی تریفە شۆک ببێت و لەهۆش خۆی بچێتەوە «نەمدەزانی چیبکەم لەترسی خێزان و ئابڕوچونم، ویستم خۆم لەسەربان بخەمە خوارەوە، هاوڕێکانم گرتمیان و پەیوەندیان بەخێزانەکەمەوە کرد».

بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە کاتێک خێزانەکان دێنە ناوکێشەکانەوە، لەبری چارەسەر و دۆزینەوەی تاوانباری سەرەکیی، کەچی راستەوخۆ کچەکانیان بە تاوانبار دەزانن و هەوڵی ئازاردان و تەنانەت کوشتنیشی دەدەن، هەربۆیە کەسوکاری ئەم کچەو بەتایبەت باوکی، هەمان هەڵوێستی نواندوە، بەڵام دایکی بەپێچەوانەوە متمانەی بەکچی خۆی هەبوەو نەیهێشتوە درۆ و دەنگۆی پەیجێکی ساختە کچەکەی لەپێش چاو بخات.



وتی: «سەرەنجام باوکم پەیوەندی بەخاوەن پەیج و فەیسبوکەکانەوە کردو پۆستەکەیان سڕییەوە , پەنامان بردە یاساو کوڕەکەمان دۆزیەوە خزمی خۆمانبو، خرایە زیندان، بەڵام رزگارییبو چونکە هیچ بەڵگەیەکمان نەبو لەسەری».

هەندێکجار بەهۆی ئەو روداوانەی لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە رو دەدەن، کچان ئەگەر گیانیان لەدەست نەدەن، ئەوا ژیانی ئاساییان لەدەست دەدەن.

ئەژین، کچێکی دیکەی قوربانیی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ (نەوژین) چیرۆکی خۆی بەمشێوەیە گێڕایەوە «لەفەیسبوک کوڕێک بوە هاوڕێم، دوای ماوەیەک داوای لێکردم شوی پێبکەم، سەرەتا رازینەبوم، بەڵام دواتر ناچاری کردم و یەکترمان بینی وتی دێمە خوازبێنیت، ئەگەرچی من پێم باش نەبو، بەڵام ئەو هاتە خوازبێنیم».

بەردەوام بو و وتی: «بەهاتنەخواز بێنیم دەرگای دۆزەخ بۆم والابو، براکانم تورەبون وتیان ئەمەت چۆن لەو شارە دورەوە ناسی، لەسەر ئەمەش زۆریان لێدام , ئیتر بەرەفتاری توند و قسەی ناشرین و لێدان ژیانیان تاڵکردم، هاوکات رازییش نەبون شو بەو کوڕە بکەم».

بەرای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ لە خشتە بردنی کچان بەناوی خۆشەویستییەوە.

چرۆ ئیسماعیل، بۆ (نەوژین) وتی: «هەندێک لە کوڕان بۆ خاڵی کردنەوەی خۆیان و یاری کردن لە رێگەی فیسبوک و موبایلەوە خۆیان لەکچان نزیک دەکەنەوە بەناوی خۆشەویستیەوە وێنەیان لێوەردەگرن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن و دواتر ئەوانە دژیان بەکاردێننەوە بە مەرامی تر».

وتیشی: «لەم بارەدا کچان دەبنە قوربانی و دەکەونە بەر کێشەی خێزانی و دەرونیەوەو بەهۆی ترس لەخێزان و دابونەریت و نەبوونی یاسایەکی سەروەر، ناتوانن پەنا بۆ یاساش ببەن».

ئەو کچانە کە بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە روبەڕوی کێشە بونەتەوە، باسلەوەدەکەن کە دوای ئەو روداوانە کەسایەتییان زۆر شکاوەو لەپێش چاوی کەسوکاریان وەکو پێشوتر نەماون.

ئەژین، وتی: «خێزانەکەم پێیانوایە ئابڕویانم بردوە، بۆیە بڕیاریانداوە هەتا ماوە نەهێڵن شو بکەم».

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

ئازارەکانی ئەو ژنانەی ناتوانن ببنە دایک

■ نەوژین، سنور خەلیل

ئەگەرچی (گەلاوێژ) لەگەڵ هاوسەرەکەیدا نێوانیان زۆر خۆش و بێکێشە بوە، بەڵام سەرەنجام هاوسەرەکەی ژنێکی دیکەی بەسەردا هێنا و ئەمیش ناچار بو قبوڵی بکات، چونکە بەوتەی خۆی هیچ دەرەچەو رێگەیەکی تری نەبوە ، بەوپێیەی ئەو «نەزۆکە» و منالّی نابێت.

چیرۆک و خەمی (گەلاوێژ) کەناوی خوازراوی ژنێکی دانیشتوی کەلارە، نمونەیەکە لە چەندین چیرۆکی دیکە، کاتێک ژنانێک بەهۆکارێک کەلەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیانە، ناتوانن ببن بە دایک و منالّیان ببێت.

ئەو ژنانە باس لەوەدەکەن، کە ئەوان لەیەک کاتدا لەژێر چەندین فشاری جیاوازن لە خێزان و کۆمەڵگاوە، لەلایەک هەست بەکەمی دەکەن کە ناتوانن وەکو ژنانی دیکە ببنە خاوەنی منالّ، لەلایەکی تریشەوە بەمهۆیەوە زۆرجار ناچار دەبن رازیی بن هاوسەرەکانیان ژنیان بەسەردا بێنن، یاخود جیا ببنەوە.

گەلاوێژ، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «من ماوەی ٣٠ ساڵە هاوسەرگیریم کردوە و منالّم نابێت، هەستێکی ناخۆشم هەیە، چونکە مێردەکەم حەزی لە منالّە و منیش ناتوانم ئەو حەزەی بۆ بێنمە دی».

ئەو ژنە باسیلەوەکرد دوای ٦ ساڵ تێپەربونی هاوسەرگیریەکەیان، هاوسەرەکەی بڕیاریداوە ژن بێنێت و ئێستا خاوەنی دو کوڕە. دەڵێت: «لەدوای ئەمەوە ژیانم زۆر ناخۆش بوە، بەڵام نەمدەویست لە هاوسەرەکەم جیاببمەوە و تائیستاش لە گەڵی ماومەتەوە».

> **هاوسەرگیریم ٦ ساڵی خایاند، بەهۆی ئەوەی منالّم نەدەبو جیابوینەوە**

هەندێکجار خودی هاوسەرەکان سەرباری بونی کێشەیەکی وەها، بەڵام ئامادە نین دەستبەرداری یەکتری بین، بەڵام قسەو قسەڵۆک و دەستوەردانی خێزان و کەسە نزیکەکان و کۆمەڵگا، وادەکات ئەو هاوسەرانە نەتوانن تاکۆتایی بە جوتی بمێننەوە، یان جیا دەبنەوە یان پیاوەکە ژنێکی دیکە دێنێت.

شانۆ، ناوی خوازراوی ژنێکی دانیشتوی گەرمیانە، بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی هاوسەرگیری من تەنها ٦ ساڵی خایاند، دوای ئەوە جیابوینەوە، بەهۆی ئەوەی منالّم نەدەبو».

وتیشی: «هەرچەندە من و هاوسەرەکەم زۆر یەکترمان خۆش دەویست و هاوسەرەکەم زۆرباش بو لە گەڵمدا، بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی خەسومەوە لە ژیانی تایبەتی ئێمە بەوەی کە منالّمان نابیت، پێکەوەبونمان بەردەوام نەبو».

ئەو ژنە باسیلەوەکرد کە هەرچەندە چەندینجار سەردانی پزیشکی پسپۆریان کردوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بەڵام سودی نەبوە، بەوشێوەیە دوای ٦ ساڵ لەهاوسەرگیری، لەیەکتری جیابونەوە.

توێژەرێکی دەرونی رایوایە کە ئەم کێشەیە ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە کێشەیەکی فیسیۆلۆژی جەستەییە، بەڵام کاریگەریی و لێکەوتە دەرونیەکانی زۆرتر و کاریگەر ترە.

ئاسۆ خەلیل، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە: «منالّ درێژەپێدەر یان هۆکارە بۆ گەورەبونی خۆشەویستی لەنێوان هاوسەران، بۆیە نەبونی منالّ هەردولا توشی گرفتی دەرونی دەکات، بەتایبەت ئافرەتەکە».

وتیشی: «ئەگەر بیتو مێردەکەی بەپلەی یەکەم قبوڵی واقیعەکە نەکات، ئەوا ئافرەتەکە بەیەکجاری لەروی دەرونیەوە دەڕوخێت».

جەختیشیکردەوە: «هەر رێگایەکی ترهێندەی پاڵپشتی مێرد بۆ هاوسەرەکەی باش و گرنک نیە«.

بەڵام بەپێچەوانەی نمونەکانی سەرەوە، هەندێکی دیکە لەهاوسەران، نەبونی منالّ کاری نەکردوەتە سەر پێکەوەبونیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە و سەرباری ئەو فشارە زۆرەی لەسەریانە، درێژەیان بە هاوسەرگیرییان داوە.

ئاڤان، ناوی خوازراوی ژنێکی گەرمیانە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبنەوە لەوەی ناتوانێت منالّی ببێت، بەڵام هاوسەرەکەی دەستبەرداری نابێت و تائێستاش پێکەوەن.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی ٢٦ سالە هاوسەرگیریم کردوە ومنالّم نابێت، بەڵام هیچ کیشەیەکمان بەوهۆیەوە لەنێوان دا دروست نەبوە».

وتیشی: «هەرچەندە هەندێک لە خزم و ناسیاو و کەسوکارەکەمان قسەی ناخۆش دەکەن بەوەی کە پێمدەڵێن (وجاخ کوێرە و منالّی نابێت)، یاخود بەوەی کە نەوەیەکمان نیە لە پیریدا بەخێومان بکات یان لەدوای خۆمان مالّەکەی بەناو بکەین، بەڵام هاوسەرەکەم گوێ بەو قسانە نادات».

قەڵەویی.. مۆتەکەی ژنان

■ نەوژین، دیلان ئەکرەم

چرۆ، بۆ دەربازبون لە قەڵەویی، زۆر رێگەو چارەسەری گرتە بەر لەبەکارهێنانی دەرمان و ریجیمی جۆراوجۆر، بەڵام هەمو ئەمانە نەیانگەیاند بە دەرەنجامێکی قایلکەر، هەتاوایلێهات تاڕادەیەکی زۆر دەستبەرداری خواردن ببێت، ئەمەش چەندین کێشەی لاوەکی تری بۆ دروستکرد.

ئەو ژنە نمونەیەکە لەو چەندین ژنەی کە لە کۆمەڵگەدا بەدەست زیادیی کێش و قەڵەوییەوە دەناڵێنن، کێشەیەک کە خەریکە دەبیتە مەترسیی بۆسەر ئایندەی بەشێکی زۆر لە ژنان.

بەشێک لەو ژنانەی کە قەڵەون، باسلەوەدەکەن کە بۆ ئەوەی دەربازبن لەو دۆخەی تیای دان، پەنایان بۆ زۆر رێگا بردوە.

چرۆ محەمەد، ٤٠ ساڵ، (ئیشی چییە؟)، بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی زیاتر لە ٤ مانگە دەرمانی گیایی و چای سەوزم خواردوە، بەڵام قەڵەوتر بوم، ئەم ماوە لە مۆڵێک پاکەتێک حەپم بە ٦٠ دۆلار کڕی ئەویش سودی نەبو، ئێستاش دەستم بە ریجیم کردوەو هێندە خواردنم کەم کردەوەتەوە کە سەرم دەسوڕێ هێزم تیا نەماوە».

کاتێک ژنان بێئومێد دەبن لە رێگەچارەکان، پەنا بۆ چەندین جۆری جیاوازی حەپ دەبەن، کە ئەوانیش بەشی خۆیان زیان و کاریگەریی دیکە لەسەر جەستەیان بەجێدێڵێت.

خاوەنی دەرمانخانەیەک لەکەلار، باسلەوەدەکات ئێستا یەکێک لەو دەرمانانەی برەوی هەیە لەلایان، دەرمانەکانی دژە قەڵەوین.

یاسین محەمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشێوەیەکی گشتی خواست لەسەر دەرمانی خۆلاوازکردن زۆرە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی ژنی ئەوتۆ هەیە کە ریجیمی کردوە بەشێوەی نازانستی و سودی نەبوە بەڵکو زیانیشی هەبوە، بۆیە پەنا بۆ دەرمان دەبات».

رەنگە دەرمان و چارەسەر، هەنگاوێک ئاسان تر بێت لەو هەنگاوەی کە ژنانێکی تر بۆ دەربازبون لە قەڵەویی رویان لێکردوە، کە ئەویش (نەشتەرگەریی) یە.

ئێستا بەشێک لە ژنان، بۆ ئەوەی دەربازیان بێت لەو قەڵەوییەی پێوەی گیرۆدەن، نەشتەرگەریی جوانکاریی و لاوازکردن و لادانی چەوری ئەنجام دەدەن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە هەمو جارێک ئەم نەشتەرگەرییانە بە ئاسانی و باشیی ئامانج ناپێکن، بەڵکو وەک لەحاڵەتەکەی (شەیما) دا رویدا، بوە مۆتەکەی ژیانی.

ئەو کە ژنێکی تەمەن ٤٣ ساڵە و (ئیشی چییە؟)، بۆ (نەوژین) وتی: «٨ مانگ لەمەوبەر لای پزیشک بە ٣ ملیۆن دینار نەشتەرگەری دەرهێنانی چەوریم بۆکرا، راستە ورگم بچوک بوەوە و قەڵەویم کەمبویەوە، بەڵام توانای منالّبونم لەدەستدا».

بەشێکی تر لەو ژنانەی کە توشی قەڵەویی بون، باسلەوەدەکەن کە بەوهۆیەی شوێنی ئەوتۆ نییە بۆ وەرزش کردن و رێکردن و پیاسەکردن، بۆیە توشی ئەو حاڵەتە دەبنەوە.

سمبول حسێن، ٢٨ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «کێشم رۆژ دوای رۆژ زیاد دەبێت، هۆکارەکەشی کەمی پیاسەو رێکردنە«.

پزیشکێک، قسەکەی (سمبول) دەسەلمێنێت لە روی گرنگیی رێکردنەوە، بەڵام ئاماژە بەوەشدەکات کە هۆکاری دیکەش هەیە.

د. ئاکۆ ئیبراهیم، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتی، بۆ (نەوژین) وتی: هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە، زیادبونی خواردن و کەمبونی جوڵە و چالاکی جەستەیە، هەروەها هەندێک جاریش هۆکاری بۆماوەیی (ویراسی) هەیە».

ئەو پزیشکە، زیاتر رونکردنەوەی زانستیی لەبارەی قەڵەوییەوە دا

> **کۆبونەوەی چەوری لە جەستەی مرۆڤ زیاد لە ئاستی سنوردار دەبێتە قەڵەویی**

«مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی پێیان ئەوترێت قەڵەو کاتێک پێوانەی قەبارەی جەستەیان زیاترە بەدابەشکردنی کێش لەسەر دو جای بەرزی».

وتیشی: «کاتێک چەوری لە جەستەی مرۆڤ کۆدەبێتەوە تاوەکو زیاتر لە ئاستی سنوردار و ئاسایی کۆنترۆڵکراوی خۆی، دەبێتە قەڵەویی، ئەمەش کاریگەری خراپی ئەبێت بەسەر تەندروستی ئەو کەسە و سەردەکێشێت بۆ چەندین جۆری نەخۆشی».

جۆری نەخۆشیەکانیشی بەمشێوەیە ریز کرد: «دڵ و دەمارەکان، شەکرەی جۆری دوەم، نەخۆشی جەمگەکان، نارەحەتی دەرونی و هەروەها چەند جۆرێکی نەخۆشی شێرپەنجە».

ئەو پزیشکە، نەشتەگەریی جوانکاریی بۆ رزگاربون لە قەڵەویی پێ باش نییە، چونکە بەوتەی خۆی رێگای سروشتی هەیە کە دەتوانیت بەهۆیەوە کێشت دابەزێنی.

هەروەک رێنمایی ئەو کەسانەی کرد کە قەڵەون، بەوەی خواردنی کەم و تەندروست هەڵبژێرن و هەروەها بەردەوامبن لەسەر وەرزش و چالاکی جەستەیی، کە بەوتەی خۆی تاڕادەیەکی زۆر مرۆڤ لە قەڵەویی دور دەخەنەوە.

گلەیی و رەخنەی ژنان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب چیە؟

■ نەوژین، نازەنین گۆران

«ئەوەی سەردانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەکات تەنها ناچارییە، ئەگینا کەسێک پارەی هەبێت رو لەوێ ناکات، من دوای ئەوەی ئەوەم بینی کە بەسەر خۆشکەکەمداهات، بڕیارم دا هەرگیز بۆ نەخۆشی ژنانەی خۆم رو لەو نەخۆشخانەیە نەکەم». (ئامینە)ی تەمەن ٤٥ ساڵ، بەمشێوەیە نیگەرانیەکانی خۆی لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە کەلار خستە رو.

ئەو نەخۆشخانەیە، تاکە نەخۆشخانەی تایبەتمەندی ژنان و منالبونە لە سنورەکە، کە نەک هەر گەرمیان، بەڵکو لە ناوچەکانی تریشەوە سەردانی دەکرێت. بەڵام نەخۆشخانەکە روبەڕوی زۆر رەخنەو تێبینی دەبێتەوە.

ئامینە، کە ناوی خوازراوی ژنێکە لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «من کە خوشکەکەم منالی لەبارچو سەردانی ئەو نەخۆشخانەیەمان کرد، زیاد لە بیست جار بانگم کردن کە بێن بەلای خوشکەکەمەوە، بەڵام هیچ جوابیان نەدامەوەو خۆیان بەمۆبایلەوە سەرقاڵ کردبو و ئەویش هەر بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە».

لەبەرامبەردا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون، د. بەناز جەلیل، وتی: «بەپێی پێویست بەدەم نەخۆشەکانەوە دەچین، ئەو کاتانەش کەباس دەکرێت، خۆمان لێی ئاگادارین و پێویست دەکات بمێننەوە، بەڵام خەڵکی لەوە تێناگەن کە ئەوە مەسەلەیەکی پزیشکییەو لەهەمو شتێک نارەزایەتی دەردەبڕن».

یەکێکی تر لەو رەخنانەی کە لە نەخۆشخانەکە دەگیرێت، ئەوەیە کە لە بەرامبەر هەر کارێک کە کارمەندەکانی دەیکەن، داوای بڕە پارەیەک دەکەن، ئەگەر پێیان نەدرێت ئەوا بێڕێزیی دەنوێنن بەرامبەر بە نەخۆشەکە.

نەسرین، ٣٥ ساڵ، ناوی خوازراوی ئافرەتێکی ترە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «دوای منال بونم لەنەخۆشخانەکە، بۆ پاککردنەوەی خۆم داوای بڕە پارەیەکی زۆریان لێکردم، بەڵام من پێم نەدان و بەهۆی نەدانی ئەو پارەیەوە، بێ ڕێزیەکی زۆرم بەرامبەر کرا».

لە بەرامبەریشدا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: «تەنها یەک حاڵەتی لەو شێوەیە رویدا کە داوای بڕە پارەیەکی زۆری کردبو، منیش لە بەرامبەر ئەو کارە دا سزام دا و لە کارەکەی دورم خستەوە، بۆیە لە دوای ئەو حاڵەتەوە شتی لەو شێوەیە روی نەداوەتەوە».

زۆرێک لە ئافرەتان باس لەوە دەکەن کەوا پزیشکەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەستکەوتنی بڕە پارەیەک، نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب چارەسەر ناکەن و بانگهێشتیان دەکەن بۆ نۆڕینگەکانیان.

د. بوشرا مەرعی، پزیشکی پسپۆری نەخۆشیەکانی ژنان و منالبون لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون، ئەو تۆمەتانە رەد دەکاتەوەو بۆ (نەوژین) وتی: «هیچ نەخۆشێکم ناچار بەوە نەکردوە کە سەردانی عەیادەکەم بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە ئافرەتێک دێت و نەخۆشی دکتۆرێکی ترە و کاتی زۆری ماوە بۆ منالبونەکەی، دەینێرمەوە بۆلای دکتۆرەکەی خۆی، چونکە ئەو باشتر لە بارودۆخی دەزانێت».

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش پێیوایە کەنابێت باوەڕ بەهەمو ئەوانە بکرێت کە دەوترێت.

د.بەناز جەلیل، بۆ (نەوژین) دەڵێت:

> هیچ نەخۆشێکم ناچار نەکردوە سەردانی عەیادەکەم بکات

« نابێت بڕوا بە هەمو کەس و هەمو قسەیەک بکرێت، چونکە خەڵکی ئێمە لە زۆر شت ناڕازین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەم و کورتیمان هەیە وەکو نەبونی پزیشک بۆ پشکنینی منالی تازە لەدایکبو».

لەبارەی «بێڕێزییکردن» بە نەخۆشەکان وەک ئەو ژنە ئاماژەی بۆکرد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، وتی: «هیچ کەس بەبێ هۆکار بێڕێزی ناکات، بۆیە ئەگەر کەسێک لێرە بێڕێزی بکات بێگومان خراپتری بەرامبەر کراوە، بگرە ئەو بێڕێزیانەی بەرامبەر ئێمە دەکرێت هیچ کەس ناتوانێت قبوڵی بکات، بەڵام ئێمە هەر بەردەوامین لە خزمەت کردن».

تەریب لەگەڵ ئەو گلەییانەی کە ئاراستەی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەکرێت لە روی خزمەتگوزارییەوە، بەڵام بەشێک لە ژنان بە پێچەوانەوە پەسنی باشی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن.

شەرمین عەلی، ٢٨ ساڵ، ژنێکی دانیشتوی کەلارە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من بە زۆری سەردانی ئێرە دەکەم، هیچ گلەیم نیە، بگرە ئەوەی کارمەندەکانی ئێرە بۆمانی دەکەن زۆر و باشە».

«باوکم دەڵێت نامەوێ تانە و تەشەرم لێبدرێت بەهۆی خوێندنەکەی تۆوە!»

کچە گوندییەکان ناچار دەکرێن واز لە خوێندن بهێنن

■ نەوژین، خەڵات ساڵەح*

هەتائێستاش یەکێک لەو خەونە خۆشانەی کە (سارا) دەیبینێت، ئەوەیە کە بەردەوام بێت لە خوێندن و لە قوتابخانەکەی دا بمێنێتەوە، ئەویش بەوهۆیەی لەلایەن خێزانەکەیەوە پێیڕاگەیەنراوە تەنها ئەمساڵ دەتوانێت بخوێنێت و ساڵی داهاتو لە قوتابخانە دەردەهێنرێت، ئەویش بەوهۆیەی کچە!

لەبەشێکی زۆری گوندەکانی گەرمیان، ئاستەکانی خوێندن تاڕادەیەکی دیارییکراو بۆ کچان بە رەوا بینراون، لەوە زیاتر رێگەیان پێنادرێت درێژە بەخوێندن بدەن، بەڵکو لەلایەن خێزانەکانیانەوە لە خوێندن دەردەهێنرێن و کاری ناوماڵ و ئاژەڵدارییان پێدەکرێت و لە تەمەنێکی کەمیشدا بەشو دەدرێن.

سارا، تەمەنی ١١ ساڵە، لە قوتابخانەکەی خۆیدا لە گوندێکی گەرمیان چاومان پێکەوت، ئاماژەی بەوەکرد کە ساڵێکی تر لێرەدا نایبیننەوە، چونکە لەلایەن خێزانەکەیەوە پێیڕاگەیەنراوە کە چیتر بەردەوام نابێت لەخوێندن.

بەدڵشاکاوییەکەوە وتی: «من ئێستا لە قوتابخانەم بۆیە ئەتوانم ئێوە ببینم، ساڵێکی تر نایەمە قوتابخانە، باوکم دەڵێت گەورە بوی با قسە نەیەتە سەرمان».

ئەوەی زیاتر برینی ئەو کیژۆڵەیەی بەسوێکردوە، ئەوەیە کە براکانی هەمو ئازادیەکی خوێندن و دەرودەشت کردنیان هەیە، بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە، هەمو دەرگایەکیان بە رودا داخستوەو تاکە دەرگاش کە هەمو خەون و ئاواتەکانی پێوەهەڵواسیوە، چەند مانگێکی ترەو ئەویشی لێدادەخرێت.

ئەم حاڵەتەی کە روبەڕوی سارا بوەتەوە، چارەنوسی زۆرێک لەو کچانەن کەلە گوندەکانی گەرمیان دان، کاتێک بەهۆی عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوەوە، کچەکان کە دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن، لە قوتابخانە دەردەهێنرێن و بەکەمیی رێگەیان پێدەدەن خوێندن تەواو بکەن.

> کچانی گوندەکان بەبیانوی جیا لەخوێندن دەردەهێنرێن

سازان، ناوی خوازراوی کچێکی گوندێکی تری گەرمیانە، سەربوردەی خۆی بەمشێوەیە خستە رو «لە پۆلی دوی ناوەندی دەرکرام، وتیان تۆ پێویستت بە خوێندن و نوسین نیە، ئێستا تەمەنم ٢٠ ساڵە، هەمو ژیانم بوەتە ئەوەی کاروباری ماڵەوەو ئاژەڵدارییان بۆ بکەم».

ئەو کچە باسلەوەدەکات، لەکاتێکدا زۆر دڵخۆش بوە بەخوێندنەکەی، بەڵام خێزانەکەی لێنەگەڕاون ئەم دڵخۆشییەی بەردەوام بێت و ئایندەیەک بۆخۆی بونیاد بنێت.

ئەگەرچی ئەم چارەنوسە روبەڕوی زۆرێک لەو کچانە کراوەتەوە کە لە گوندەکاندا دەیانخوێند، بەڵام لەئێستادا پاساوەکان تەنها عەیبەو لایەنی کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو لایەنی دارایيشی تێکەڵ کراوە.

ژینۆخەلیل، ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی لەگەرمیان کە لەگوندەکانی سنورەکەدا چالاکن، بۆ (نەوژین) وتی: «کچانی گوندەکان بەبیانوی جیا لەخوێندن دەردەهێنرێن، وەک: قەیرانی دارایی و نەبونی ئیمکانیاتی خێزانەکان».

ئەو چالاکوانە ئەم پاساوانە بە لاواز دەزانێت و دەپرسێت: «ئەگەر توانای داراییان نییە ئەی بۆچی کوڕەکانیان لە قوتابخانە دەرناهێنن و تەنها کچەکان دەردەهێنن؟»

ژینۆ، ئەم حاڵەتە بە مەترسیەکی گەورە دەزانێت لەسەر ئایندەی کچان لە گەرمیان بەگشتی، بەپێویستی دەزانێت لایەنە بەرپرسەکان لە پەروەردە، چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە «چونکە داهاتوی کچان بەرەو لەناوچون دەچێت».

ئەم حاڵەتەی روبەڕوی کچانی گوندەکان دەبێتەوە، بەپێی یاسایەکی تایبەتمەند، بە توندوتیژی و پێشێلکاریی مافەکانی ژنان و کچان هەژمار کراوە، پارێزەرێک ئاماژە بەوەدەکات کەدەتوانرێت لەو روەوە سکاڵا تۆمار بکرێت.

لوئەی سەلیم، بۆ (نەوژین) وتی: «یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، باسی زۆر لە کار و کردەوە توندوتیژییەکان دەکات بەرامبەر بە رەگەزی مێ، لە نێوانیاندا توندوتیژی بەرانبەر بەمناڵ».

وتیشی: «دورخستنەوەی کچان لەخوێندن پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی مرۆڤە، ئەرکی دایکە قبوڵی نەکات لەلایەن باوک یان کوڕەوە کچەکەی لە خوێندن دەربهێنرێت، ئەگەرنا هەرکەسێک هەواڵ بداتە داواکاری گشتی، ئەوا ئەو کەسانە روبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە».

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی لە گەرمیان

پیاوان بەرگدوریی بۆ ژنانیش دەکەن

ژنێک: شێوازی مامەڵەکردنی بەرگدورەکان جوانە و لەکاتی دیاریکراودا جلەکان تەواو دەکەن

■ نەوژین، زریان محەمەد

کاری بەرگدوری تایبەت بە ئافرەتان ئەگەر چی بەزۆری لەلایەن ژنانەوە دەکرێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی رابردودا پیاوان دەستیان داوەتە ئەو کارە و بە رێژەیەکی زۆریش ژنان سەردانیان دەکەن بۆ دورینی جلەکانیان بە هۆکاری ئەوەی کە متمانە لە نێوان خۆیان و سەردانکەرانیاندا دروست کردوە.

ئارام غالب، (٣٤) ساڵ، کە پیشەی بەرگدورییە لەناو بازاڕی شاری کەلار، سەبارەت بە سەردانکردنی ئافرەتان بۆلایان بەمەبەستی دورینی جلوبەرگ، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ماوەی (٢٠) ساڵە خەریکی ئەم کارەم، جلوبەرگ بۆ ژنان دەدورم و بەزۆری جلی کوردی دەدورم لەگەڵ مۆدەش».

لە ساڵانی پێشوتر بەرگدوریکردن بۆ ژنان لە لایەن پیاوانەوە شتێکی نامۆ بوە، بەڵام لە ئێستادا دۆخەکە ئاسای بوەتەوە و تەنانەت بەشێکی ئەوانەی کە سەردانی ئەو بەرگدورە پیاوانە دەکەن بون بە هاورێ.

سالار عەزیز، (٣٦) ساڵ، بەرگدورێکی دیکەی ژنانە لە بازاڕی کەلار، دەڵێت: «پێشتر جلی پیاوان و ژنانیشم دەدوریی، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا کردم بە هی ژنان، ئەگەرچی ئەو کەسانەی کە سەردان دەکەن هەندێکیان باشن و هەندێکیشیان مامەڵە کردن لە گەڵیدا سەختە، بەڵام هەر ئاسودەم بە پیشەکەم».

وتیشی: جاران ئەگەر ئافرەتێک هاتبایە بۆ لای خەیاتێکی پیاو سەیر بو، بەڵام ئێستا دۆخەکە ئاسایی بوەتەوە و تەنانەت لەگەڵ زۆرێک لە سەردانکەرەکانم بوین بە هاورێ.

> جگە لە ئافرەتانی کەلار هی دەرەوەی شاریش سەردانمان دەکەن

ئاماژەی بەوەشکرد: هەمو جۆرە جل و بەرگێکی تایبەت بە ژنان دەدروم تەنانەت جلی کڵاو عەبای تەخەروجیش دەدورم، بۆ هەر جلێکیش کە دەیدورم قیاسی کەسەکە دەکەم ئینجا کارەکە دەکەم.

جیاواز لە ساڵانی پێشوتر کە سەیر دەبو ئافرەتێک سەردانی بەرگدورێکی پیاو بکات و قیاسی بگرێت، تەنانەت لەلایەن مامۆستایانی ئاینیش رەخنەی بە دوادا هاتوە و زۆرێک لە ژنان لە ماڵەوە خۆیان قیاسیان بردوە و جلیان بە دورین دەدا، بەڵام لە ئێستادا دۆخەکە بەلای کۆمەڵگاوە ئاسایی بوەتەوە.

عادل خەیات، (٤٥) ساڵ، بەرگدورێکی تری جلی ئافرەتانی شاری کەلارە، سەبارەت بە پیشەکەی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژناندا بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من بۆ ماوەی (٢٠) ساڵە خەریکی ئەم کارەم و دوەم خەیاتی پیاوم کە جلی ئافرەتانم دوریوە لە کەلار».

وتیشی: «لە کاتی خۆی مامۆستایانی ئاینی چەندینجار وتیان نابێت جلی ئافرەتان بدورین، بەڵام من چونکە پیشەکەی خۆمم خۆش دەویست و متمانەم بە خۆم و پیشەکەم هەبو، بەردەوام بوم».

بەرگدورانی پیاوان کە جلی ئافرەتان دەدورن، جگە لە ئافرەتانی کەلار، هی دەوروبەریش سەردانیان دەکەن.

مەریوان عەبدوڵڵا، (٣٠) ساڵ، سەبارەت بە کارکردنی لە بواری دورینی جلوبەرگی تایبەت بە ژنان بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من بۆ ماوەی (٥) ساڵە خەریکی پیشەی دورینی جلوبەرگی ژنانم و زیاتر جلی کوردی دەدورم و جیاواز لە بەرگدورەکانی تر جل دەدورم و دەیفرۆشم، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بە زۆری سەردانم دەکەن و جگە لە ئافرەتانی کەلار هی دەرەوەی شاریش سەردانم دەکەن بە تایبەت خانەقین».

وتیشی: «مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت هەندێک جار سەخت دەبێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی پیشەکەی خۆمم خۆش دەوێت بەردەوامم و بەردەوام دەبم».

لەبەرامبەر ئەوەی کە پیاوان بەرگدوری بۆ ژنان دەکەن، ئافرەتانیش پێیانوایە پیاوان جوانتر بەرگ دوری دەکەن و لە سەر کاتی دیاریکراودا جلەکانیان بۆ دەدورن.

ئەوین محەمەد، (٢٣) ساڵ، یەکێکە لەو کەسانەی کە سەردانی بەرگدورە پیاوەکان دەکات بۆ دورینی جلەکانی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «شێوازی مامەڵەکردنیان جوانە لەگەڵ سەردانکەرەکانیان و ئیشەکەشیان جوانە و هەروەها لە کاتی دیاریکراودا تەواوی دەکەن».

ژنان بەکارە دەستیەکانیان ئاهەنگەکان دەڕازێننەوە

■ نەوژین، ئالا عەزیز

ئەگەر پێشوتر دەستڕەنگینی ژنان لە بەرگدوری و ئارایشت دا کورت بوبێتەوە، ئەوا ئێستا ژنان لەگەرمیان چەند بوارێکی دیکەیان دوزیوەتەوە کەتیایدا پەرەیان بە دەستڕەنگینی خۆیان داوە، یەکێک لەو کارانەش: رێکخستن و رازاندنەوەی ژور و مێزی ئاهەنگی بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

ژمارەیەک ئافرەتی کەلار، کار و پیشەییەکی تایبەت دەکەن، کە بریتییە لە رازاندنەوەی ئەو ژورە کە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی لە ماڵاندا تێدا ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی مارەبڕین و خەنەبەندان.

بوشرا رزگار، یەکێک لەو ئافرەتانەی کەسەرقاڵی ئەم کارەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «من بۆ ماوەی ساڵێک دەبێ دەستم بەم ئیشە کردوە، سەرەتای کارەکانم بەکاری بچوکی دەستڕەنگینی دەستپێکرد و بەرە بەرە کارەکانم زیاتر بو».

وتیشی: «من وەک خولیایەک دەستم بەم ئیشە کرد، هاوسەرەکەم پاڵپشت و هاندەرمە و زۆر ئاسودەم لەگەڵ کارەکەم».

ئەو ژنە ئاماژە بەوەدەکات کە لەماوەیەکی کەمدا ئیشەکانی بڵاو بوەتەوەو داواکاریی لەسەر کارەکەیان زیاتر بوە. دەڵێت: «راستە سەرەتا داواکاری لەسەر مێزی مارەکردن کەم بو، بەڵام ئێستا لەئاستێکی باشدایە و بوەتە شتێکی باو لەناو خەڵک دا».

(فیراز عەبدوڵڵا)ی تەمەن ٢٧ ساڵ، یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کاری رازاندنەوە و جوانکردنی مێزی مارەکردن دەکەن، بۆ (نەوژین) وتی: «من ماوەی دو ساڵە دەستم بەم کارە کردوە، لەسەرەتایا داواکارییەکی زۆر کەم هەبو لەسەری، بەڵام دوای ئەوەی بو بە باو لەناو خەڵک بەرە بەرە داواکاری زۆر بو لەسەری».



ئەو ژنانە، هەڵدەستن بە ئامادەکردنی بابەتی جوانکاریی و رازاندنەوە بۆ مێز و ژورەکان کە بۆنەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، هەندێکیان خۆیان دەیگەیەننە ماڵان و هەندێکی تریشیان خێزانەکان خۆیان دێن بۆ وەرگرتنیان.

بوشرا، وتی: «زۆرجار خاوەنەکانیان دێن لەماڵەوە لێم وەردەگرن، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی کەلارەوە داواکارییان هەیە بە تاکسی بۆیان دەنێرم».

فیراز-یش وتی: «گەیاندنی داواکاریەکان بەپێی خواستی کەسەکەیە، ئەگەر بیانەوێت ئەوا خۆمان ئەڕۆین و مێزەکانیان بۆ رێک دەخەین، یان خۆیان دێن و لێمان وەردەگرن».

ئەو ژنانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، بەم ئاستە رازیی نین کە کارەکەیان پێی گەیشتوە، بەڵکو چاویان لەوەیە برەوی زیاتری پێبدەن و کاری جوانتریش ئەنجام بدەن.

بوشرا، وتی: «بیرم لەوە کردوەتەوە ئیشەکەم گەورەتر بکەم و زیاتر بەرەوپێشی ببەم».

ئەم حەزی بەرەوپێشچونە، وای لە دو لەو ئافرەتانە کردوە کەلەم بوارەدا کاردەکەن، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک گروپێک دروستبکەن بەناوی (kalar wedding) کە لەرێگەیەوە بەرهەم و کارەکانیان نمایش دەکەن و هەروەها لەگەڵ کڕیارەکانیش رێکدەکەون لەسەر ئەنجامدانی کارەکان.

چاوان خەسرەو، ٢٣ ساڵ، کە بەهاوکاری (فیراز)ی هاوڕێی لەو بوارەدا کاردەکات، وتی: «سەرەتا تەنیا وەک خولیا چەند مێزێکم بۆ هاوڕێکانم ئامادەکرد و دەستخۆشییەکی زۆرم بۆهات، ئەمە بوە هۆکارێک کەبیر لەوە بکەمەوە کەدەست بە کارکردن بکەم لەم بوارەدا، ئێستاش لەگەڵ (فیراز) کاردەکەین و لە گروپەکەشمان کارەکان دەخەینە رو».

> سەرەتا داواکاری لەسەر مێزی مارەکردن کەم بو، بەڵام ئێستا باشە

ماریا عەزیز، یەکێکی دیکەیە لەو کچانەی کەلەم بوارەدا کاردەکات، نایشارێتەوە کە قەیرانی دارایی رۆڵی هەیە لەوەی ئیشەکەیان بەباشیی نەچێتە پێشەوە.

ئەو کە ٤ مانگە لەو بوارەدا کاردەکات، وتی: «ئێستا زۆر کەس ئاشنان بە کارەکانمان و حەزیان لێیە لە ئاهەنگەکانیاندا جوانکارییان بۆ بکەین، بەڵام قەیرانی دارایی وایکردوە نەتوانن داوامان بکەن یان ئەو جوانکاریانەیان بۆ بکەین کە تایبەت و جوانترن».

بەڵام وادیارە ئەو ژنانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، خولیاکانیان گەورەترە لە سستی بەرەوپێشەوەچونی کارەکانیان بەکاریگەریی قەیرانی دارایی، تەنانەت هەندێکیان بیریان لەوەکردوەتەوە دوکانی تایبەت بەم پیشەیە بکەنەوە.

چاوان، وتی: «بۆ زیاتر گەورەکردن و بەرەوپێشبردنی ئیشەکەمان، بیرمان لەکردنەوەی دوکانێک کردوەتەوە بۆ ئەوەی کارەکانمانی تێدا بکەین».

جوان، بەرگدورێکی خاوەنپێداویستی تایبەت

جوان، لە زگماگەوە توانای بیستن و قسەکردنی لەدەستداوە

لە ئیشەکەی خۆم رازییم و دڵم پێی خۆشە

■ نەوژین، نیگار عومەر

ئەو دۆخە ناهەموار و ناسەقامگیرەی کە (جوان)ی تێدایە، بەهۆی ئەوەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە (نابیست و نەگۆیە)، چۆکی پێ دانەداوە و نە بۆتە رێگر، بەڵکو بەپێچەوانەوە توانیویەتی پەرە بەتواناکانی بدات و ببێت بە بەرگدورێکی شارەزا و بەناوبانگ.

جوان محەمەد خدر، ٤٣ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە کەلارە، هەر لە زگماگەوە توانای بیستن و قسەکردنی لەدەستداوە، سەرباری ئەمەش، لەئێستادا کاری بەرگدوریی و چنین دەکات و ژنانیش رۆژانە سەردانی دەکەن.

(لەیلا)ی خوشکی (جوان)، باسیلەوەکرد کە هەر لە تەمەنی منالییەوە، دوای ئەوەی توانای رۆشتنی بۆ دروست بوە، دایکی هەستی پێکردوە کە توانای بیستنی نییە، دواتریش بۆیان دەرکەوتوە کە توانای قسەکردنیشی نییە.

جوان، هەر بە منالی تێکەڵی منالەکانی خاڵی دەبێت و لەوانەوە فێری درومان و ئیشی بەرگدوریی دەبێت، سەرەتا وەک لاساییکردنەوەیەک لەسەر عەلاگەی سپیی خۆی فێری برین دەکات، دواتر لەسەر قوماش کارەکە جێبەجێ دەکات.

دایکی جوان، باس لەسەرەتاکانی فێربونی کچەکەی دەکات لە کاری درومان.

وتی: «پێمیوت کە برۆم قوماشی کەوایەک بکڕم ئەو بۆم دەدورێت، بە باوکیشی وت قوماشی قاتێک بێنێت و قاتێکی بۆ دەدورێت».

لەسەرەتاوە رازی نەبون قوماشەکانی بۆ بێنن بەو پاساوەی کە قوماشەکان خەسار دەکات و سەر لە دورین دەرناکات، بەڵام بەهۆی سوربونی جوانەوە دایک و باوکی ناچار دەبن، دڵی کچەکەیان نەشکێنن و بەداواکەی رازی ببن.

دواتر کە (جوان) دەست دەکات بە دورینی کەواکەی دایکی و قاتەکەی باوکی و بەشێوەیەکی زۆر جوان تەواویان دەکات، ماڵەوەیان سەرسام دەکات.

هەر دوای ئەم روداوەش خێزانەکەی دەزانن کچەکەیان بەهرەیەکی هەیە، بۆیە پشتگیری دەکەن، تاکو زیاتر برەو بە تواناکانی بدات.

دوای ئەوەی خێزانەکەی مەکینەیەکی درومانی بۆ دەکڕن، جوان ژیانی دەچێتە قۆناخێکی ترەوە و ئەم کارە دەبێتە هاوڕێیەکی بەردەوامی.

باوکی جوان، باسلەخۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم بەهرەیەی کچەکەی دەکات.

ئاماژەی بەوەکرد کە کچەکەی بەهۆی ئەوەی بە کارە ناوازەکانی خەڵکانێکی زۆر سەردانی دەکەن و جلەکانیان لای دەدورن، ئەمەش لەیەک کاتدا بوەتە هۆی ئەوەی خۆی ئاسودە بێت و هەروەک بشبێتە سەرچاوەی بژێوی و داهات بۆ خۆی و تەنانەت بۆ خێزانەکەیشی.

ئەو بەهرەیەی (جوان) هەیەتی، وایکردوە ناوبانگی وەکو بەرگدورێکی باشی ژنان لە ناحیەکەدا بڵاوببێتەوە، هەربۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بۆ کاری خەیاتی دەچنە لای.

دڵسۆز خورشید، ٤٣ ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی کە بۆ کاروباری درومانی سەردانی (جوان) دەکات.

وتی: «من دەمێکە جلوبەرگی خۆم و منالەکانیشم دێنمە لای جوان، لە ئیشەکانی رازیم و خەیاتێکی زۆرباشە».

دڵسۆز، باسیلەوەش کرد کە (جوان) هێندە تێکەڵی کارەکەی بوە، بە تەنیا سەیرکردنێک هەمو قیاسەکان دەزانێت.

ئیناس محەمەد، ٢٤ ساڵ، یەکێکی ترە لەو ژنانەی کە جلەکانی لای (جوان) دەدورێ. وێڕای ئەوەی ماڵیان لە ماڵی جوانەوە دورە، بەڵام ئەمە نەبۆتە رێگر لەوەی جلەکانی لای ئەو بدورێ.

ئیناس، باسلەوەدەکات کە «جوانە خەیات» جلەکانی زۆرباش دەدورێت و دەستڕەنگینە «چۆنمان بوێت وا دەیدورێت».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، لەسنورەکەدا ٥٩ خاوەنپێداویستی نەبیست و نەگۆ هەیە، ٢٠ لەوانە لەرەگەزی مێن.

دەرون عومەر، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، لەبارەی حاڵەتەکەی (جوان) ەوە ئاماژەی بەوەکرد کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، ناتوانن شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەو خاوەنپێداویستییانە بکەن.

رەنگە ئەمەش تاڕادەیەک (جوان) نیگەران بکات، چونکە ئەوەی ئەو دەیەوێت ئەوەیە هاوکاریی بکرێت بۆ ئەوەی ئیشەکەی بەرەوپێشتر بەرێت.

جوان، بە ئومێدێکی زۆرەوە کە لەچاوەکانیدا بریسکەی دەدا، بە زمانی جەستە پێی وتین: «من لە ئیشەکەی خۆم رازییم و دڵم پێی خۆشە و بەردەوام دەبم، داوای هاوکاریی دەکەم لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، تاکو برەو بە کارەکانم بدەم و داهێنانی تێدا بکەم».

پیاسەکردنێک بۆ تۆی ژن بوەتە خەون و خولیا؟

■ نەوژین، رێناس ساڵەح

«کاتێک نمەی بارانە و هەوایەکی سازگار بەهێواشی گوڵ و گەڵای دارەکان دەخاتە سەما، هەمیشە ئاواتم بوە ئەوکاتە بێمە شەقاماکان و هێدفۆنێک لە گوێبکەم و پیاسەیەکی سەر شۆستەکان بکەم و رۆحم تێکەڵی ئەو جوانیەی سروشت ببێت». ئەمە خۆزگەی کچێکە لە قەزایەکی گەورەی ئەم کوردستانە، کە هێندە سادەیە جێگەی تێڕامانە کە بۆچی کچێک ناتوانێت ئەم ئاواتەی بەدی بێنێت؟

وێڕای بەرەوپێشچون و فراوان بونی ناوچەکە، بەڵام هێشتا زۆر بیرو بۆچونی داخراو لە گەرمیان دا هەیە بەرامبەر کچان و ژنان، کەوایکردوە دەستبەرداری زۆرێک لە خۆزگەکانیان بن کە رەنگە زۆر سادە و ئاسانیش بن، یەکێک لەوانەش: بەتەنیا پیاسەکردن و رێکردنە بە شەقامەکان دا.

دیمەنی چۆڵی رێگا و شەقامەکانی شار لە کچان و ژنان، ئەو پرسیارە دروست دەکات: ئاخۆ کچان و ژنان لە کوێن لەم شارە، یان چ هەستێکیان دەبێت کاتیک ئەم دیمەنانە دەبینن؟

خەیاڵ محەمەد، ٣٢ ساڵ، مامۆستا، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ئەو توانجانەی رەگەزی بەرامبەر رۆژانە لە شەقامەکان روبەڕومانی دەکەنەوە، وایکردوە کە خێزانەکانمان رێگر بن کە بە پیادە هاتوچۆ بکەین».

بە ئاماژەکردن بۆ خاڵێتیی شەقامەکان لە ژن، وتی: «ئەم دیمەنەی کە ئێستا لێرەدا دەیبینن بێدەسەڵاتی ژنان لە دڵی مندا دروست دەکات کە خاوەنی هەر بڕوانامەو پۆستێک بن، بەڵام چونکە ژنن هەر تەسلیمی ئەم واقیعە تاڵە دەبنەوە».

ئێستا لە زۆر روەوە، رەوشی مافەکانی ژنان بەرەوپێشەوەچونیان بەخۆیانەوە بینیوە، کچان تاڕادەیەک ئازادن لە خوێندن و کارکردن، بەڵام هێشتا هەندێک مافی سەرەتایی و پێویست هەن کە لێرە قبوڵ نەکراون.

دیانە موحسن، ٢٤ ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە، لەکاتی باسکردنی هۆکارەکانی بە پیادە نەڕۆشتنی، دیمەنێکی ناوازەی قبوڵنەکراو دەنێتە پێش چاو «من تا ئەم تەمەنەم کە ٢٤ ساڵە، هەرگیز بە تەنها نەچومەتەدەرەوە لە بەرئەوەی بە شێوەیەک لە ماڵەوە ترساندویانین کە وەک دڕندەیەک بڕوانینە رەگەزی بەرامبەر، لە بەر ئەمەشە ئەگەر زۆر بێتاقەتیش بوبم ئەبێت هەر لە ماڵەوە بمێنمەوە».

ئەگەر سەیرێکی کۆمەڵگە بکەین، نیوەی ژنە و پەروەردەکردنیش زیاتر لە ژێر سایەی دایکە کە ئەویش ژنە، کەوایە بۆچی ژنان و کچان ناتوانن بینینی ئەم کۆمەڵگاییە بگۆڕن؟

سەعدە عەلی، (٢٤ ساڵ، کە دەرچویەکی زانکۆیە، دەڵێت: «هۆکار ترسنۆکی و کەمی هۆشیاری ژنانە چونکە ناتوانین بیرکردنەوە ناشرینەکانی کۆمەڵگا بگۆڕین و روبەڕویان ببینەوە».

لە گەڵ ئەمانەشدا کچانێک هەن کە دیوارەکانی رێگری کۆمەڵگا دەشکێنن و نایانەوێت ئەو شتانەی کە مافی خۆیانە لێیان زەوت بکرێت، (شلێر حەیدەر) یەکێکە لەو کچانە.

ئەو کە تەمەنی ٢٦ ساڵە کچی ماڵەوەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «من زۆربەی کات بە پێ هاتوچۆ دەکەم، وەک کچێک پێم ئاساییە بۆ هەرشوێنیک بە تەنها و بە پێ برۆم».

وتیشی: «ناکرێت هێندە بڕوات بە خۆت نەبێت بۆ هەرکوێ بچیت کەسێک لە گەڵ خۆت ببەیت».

شلێر، نەیشاردەوە کە ئەو خێزانانەکەی رێگری لێناکەن بۆ ئەم هەنگاوە، دەشڵێت: «کچ ئەگەر متمانەی بەخۆی هەبێت و خێزانەکەی پاڵپشتی بێت، ئەوا دەتوانێت بە سەر هەمو بەربەستەکان دا زاڵ ببێت، ئەگەرنا دەبێت قوربانی بدات یان دەبێت قبوڵی ئەو دۆخە بکات کە تیایەتی».

(شێواز ساڵح)یش کە کچێکی دەرچوی زانکۆیە و تەمەنی ٢٧ ساڵە، دێتە پاڵ بۆچونەکەی (شلێر) و پێیوایە رێکردن جگە لە ئارامیە دەرونیەکەی سودێکی زۆری تەندروستیشی هەیە، لەم سۆنگەیەشەوە بانگی کچان دەکات «وەرن با پێکەوە رێکردن بکەین بە عادەت لە ژیانی رۆژانەماندا، با کەمێک قوربانی بدەین بۆ ژیانێکی تەندروست».

تاکە کچە پەیکەرسازەکەی گەرمیان

■ نەوژین، ژینۆ سەرتیپ

لەناو شاری کەلاردا، لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردودا بەدەیان پەیکەر لە شوێنە جیاوازەکان دانراون و دروستکراون، کە زۆرینەیان لەلایەن پەیکەرسازانی پیاوەوە دروستکراون، تەنها پەیکەرێکیان نەبێت کە لەناو پارکێکی شاری کەلار جێی گرتوەو بەدەستی کچە پەیکەرسازێک دروست کراوە، کە ئەو پەیکەرسازەش: (هاوین مەنسوری)یە.

> پەیکەر وەکو هونەرەکانی تر نییە، پێداویستی زۆرتر و جێگەی فراوانتری دەوێ

> لەرێگەی ئەم هونەرەوە ئەتوانم دەنگی خۆم بگەیەنم

کچە پەیکەرساز (هاوین مەنسوری)، تەمەنی (٢٤) ساڵە و دانیشتوی شاری (کەلار)ـە، سەرەتای کاری هونەری هاوشانە لەگەڵ خوێندنی پەیمانگا، کە بەشی (شێوەکاری- پەیکەرسازی) لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری تەواو کردوە، وەک خۆی دەڵێ: «تائێستا بەشداری زیاتر لە (١٠) پێشانگای هاوبەشم کردوە، لە پەیمانگا و دەرەوەی پەیمانگا».

ئەو کچە پەیکەرسازە یەکێک لە کارە دیارەکانی دروستکردنی پەیکەری ئافرەتێکە، گوزارشت لە ئازادی ئافرەت دەکات، کە بە هاوکاری بەڕێوبەری پەیمانگا و شارەوانی و یەکێتی ژنان دروستکراوە، لەپارکی (مەشخەلان)ی نزیک شاری یاری (کەلار) لە بەرواری (٨ ی مارسی ٢٠١٦)ەوە دانراوە.

لە گفتوگۆیەکی تایبەتی بۆ رۆژنامەی (نەوژین)، باسی لە بواری هونەرەکەی خۆی کرد و وتی: «زۆر دڵخۆشم بە هونەرەکەم، کە سەرەتا چومە ناو جیهانی پەیکەرسازییەوە، وامئەزانی کە تەنها دەتوانم پەیکەری کەسانی ناودار یان جۆری دیاریکراو دروست بکەم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە پەیکەرسازی پەیوەندی رۆحی هەیە لەگەڵم دا».

وتیشی: «لەرێگەی ئەم هونەرەوە ئەتوانم ئەوەی لە خەیاڵ و مێشکمدایە دەری ببڕم و دەنگی خۆم بگەیەنم».

ئەگەرچی لە چەند ساڵی رابردودا، پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە سنوری گەرمیان لە کفری و خانەقین، چەندین نەوەیان لەکچانی هونەرمەند دەرچواندوە، بەڵام رێژەیەکی کەم لەوان دوای دەرچون بەردەوامبون لەکاری هونەریی، ئەمەش وایکردوە گەرمیان لەروی بەشداریی ژنانەوە لەهونەر، هێشتا پێویستی بە هەوڵ هەبێت، بەتایبەت لە بواری پەیکەرسازیی کە رێژەی ژنانی گەرمیان لەو بوارەدا، زۆر کەم و سنوردارە.

کەواتا هاوین چۆن لەو بوارەدا بەردەوام بوەو پاڵپشتیەکانی چی بون؟

وەکخۆی ئاماژەی پێدا، پشتیوانی خێزانەکەی نهێنیی ئەو بەردەوامبونەیەتی «دڵخۆشم بەوەی کە خێزانەکەم پاڵپشتیم دەکەن و هانم دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوامبم لە هونەرەکەم، هیوادارم ئەو کچانەی کە حەزیان لە هەرشتێک بێت گرنگی پێ بدەن و هەرگیز کۆڵ نەدەن تا پێی دەگەن».

ئەو کچە هونەرمەندە، نایشارێتەوە کە رەنگە پەرگرتنی بەشێک لەکچان لەبواری پەیکەرسازیی، هی ئەوەبێت کە لە گەرمیان بەشی پێویست گرنگیی بەهونەر و بەتایبەت ئەم چەشنە لە هونەر نادرێت.

لەوبارەوە وتی: «لەلایەن حکومەتەوە هونەرمەند پشتگوێ خراوە، بەتایبەت لە ناوچەی ئێمە، هیچ جێگەیەکی وەهیا بۆمان دابین نەکردوە کە دوای تەواوبونی پەیمانگا روی لێ بکەین و پەیکەری تێدا دروست بکەین».

وتیشی: «پەیکەر وەکو هونەرەکانی تری شێوەکاریی نییە، پێداویستی زۆرتر و جێگەی فراوانتری دەوێت، بۆیە من بە ناچاری لە سوچێکی ماڵی خۆمدا پەیکەر دروست دەکەم».

زۆرجار کچان کە خۆیان لە بواری هونەر دور دەگرن یان بەردەوام نابن لەکاری هونەری، هۆکارەکەی بۆ ترسیان لە قسەو قسەڵۆک و توانجی کۆمەڵگا دەگێڕنەوە، بەشێوەیەک وەکو خۆیان دەیڵێن بەمهۆیەوە دەستبەرداری کارەکەیان دەبن.

لەمبارەیەوە، هاوین مەنسوری، وتی: «تا ئێستا بەوهۆیەوە هیچ ئاستەنگێکم نەهاتوەتە پێش، بەڵکو دەستخۆشیم لێکراوە و لە لایەن زۆر کەسیشەوە پاڵپشتیی مەعنەویم کراوە».

ئیشەکانی ئەم پەیکەرسازە لاوە، هەرلەوەدا کورت نەبوەتەوە کەخۆی ئەنجامیان بدات، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدات کە هونەرەکە بە نەوەی نوێ ئاشنا بکات و فێریان بکات.

وتی: «ئێستاکە راهێنەر و مامۆستای هونەرم لە یەکێک لە رێکخراوەکان، کە بەشێوەیەکی خۆبەخش ئیشی دەستیی و کاری دروستکردنی پەیکەری بچوک فێری منالان دەکەم».

جەین ئەوستن، ئەو ژنەی لە بری هەمو ژنێک دوا

■ ئاسیا حسێن

جەین ئەوستن، ئەو ژنە بوێرەیە کە هەمیشە بیری لە بارودۆخی سەختی ژنان دەکردەوە و هەر لە تەمەنی لاوێتیدا، خەم و مەینەتی هاورەگەزەکانی دەبینی و پێیان کاریگەر بو. جەین، بۆ دەرخستنی ژنان وەک تاکێکی کاریگەر لە ژیاندا، نوسینی هەڵبژارد و لە رۆمانەکانیدا هەمو باسێکی تایبەت بە ژنانی باسکردوە.

جەین، رۆماننوسێکی ئینگلیزە کە رۆمانەکانی باس لە ئازادی و سەربەخۆی ژنان دەکەن و سەرنجی کۆمەڵگای ئەوکاتیان راکشاوە بۆ باسوخواسەکانی تایبەت بە ژنان، وەکو: هاوسەرگیری، ئازادی، ئابوری سەربەخۆ و .... هتد.

نوسینەکانی ئەوستن، بون بە هۆکاری بەرهەمهێنانی چەندین وتاری رەخنەیی و بون بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی چەندین فیلم.

جەین ئەوستن، لە گوندی (ئەستیونتون همپشایر) لە شانزەی دێسەمبەری ١٧٧٥ لەدایک بو. ئەو حەوتەمین مناڵی خێزانەکەی بو کە خاوەنی خوشکێک و پێنج برا بو. هەر لە مناڵی جەینەوە، باوکی خانەنشین بو و زۆری نەبرد وەفاتی کرد. بۆیە دایکی جەین بۆ خەرجی مناڵەکانی دەستی بە کارکردن کرد و جەین و خوشکەکەی ناچاربون لەو قوتابخانە نمونەییەی کە ناویان نوسیبو، بکشێنەوە.

جەین نوسینی بۆ سەرگەرمی هەڵبژارد، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەرێکی دایکی لە پێداکردنی خەرجی خێزانەکەی. پێش نوسینی رۆمان چەند کورتە چیرۆکێکی کۆمێدی و گاڵتەجاڕی نوسی. تا یەکەمین رۆمانی لە ساڵی ١٨١١ بە چاپ گەیشت بەناوی (هەست و ئەقڵ).

لەماوەی ژیانیدا، جەین چوار رۆمانی چاپ بو و دو رۆمانی تری دوای مردنی چاپ کران. لە پێش مەرگی، حەوتەمین رۆمانی بەناوی (سندیتون) نوسی و، یەک رۆمانی بە ناتەواوی جێهێشت.

ئەوەی کارەکانی جەینی بەناوبانگ و گرنگتر کرد، ناساندنی ژن و باسکردن لە توانای بڕیاردان و توانای تێگەیشتنی ژنان لە ژیان بو. هەروەها توانای زمانەوانی جەین و بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی، گرنگیەکی زیاتری بە کارەکانی بەخشی.

جەین ئەوستن بەناوبانگترین رۆماننوسی سەدەکەی خۆی بوە و یەکێکە لە بەناوبانگترین نوسەرە جیهانیەکان. تا ساڵی ١٨٧٠، جەین یەکێک بو لە کەسایەتیە هەرە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی. لە سەدەی نۆزدەدا یەکێک بو لە باشترین رۆماننوسەکان. هەروەها رۆمانی (خۆپەرستی و دەمارگیری) جەین ئەوستن، بە یەکێک لە دە رۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان ناسرا.

جەین ئەوستن، لە سەدەی هەژدەدا ژیاوە و لەو ماوەدا دەستی کرد بە نوسین، لەگەڵ ئەوەی ئەو سەردەمە نوسەرەکان زیاتر پشتیان بە خەیاڵ و وێناکردن دەبەست و کاراکتەری رۆمانەکانیان ئەفسانەیی بون، بەڵام جەین شێوازێکی تری لە نوسین پێڕەو کرد ئەویش بریتی بو لە پیشاندانی کۆمەڵگە وەک ئەوەی کە هەیە.

کاراکتەرەکانی جەین راستەقینە و بینراون و روداوەکانی روداوی ئاسایی ژیانن کە رۆژانە توشیان دەبین و دەیانچێژین. زمانی نوسینی جەین، زمانێکی یەکجار سادە و رونە کە بۆ هەمو تاکێکی نێو کۆمەڵگا نوسراون.

جەین، هەرگیز هاوسەرگیری نەکرد. ئەو لەگەڵ ئەوەی لاواز و نەخۆش بو، دکتۆرەکان چەندینجار ئاگاداریان دەکردەوە لە ماندوبون و بیرکردنەوەی زۆر، بەڵام گوێی بە بارودۆخی جەستەی نەدەدا و تا کۆتا مانگەکانی ژیانی سەرقاڵی دوبارە داڕشتنەوە و گۆڕانکاری بو لە رۆمانەکانیدا. بەڵام دوای بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر بە نەخۆشی، لە ١٨ی مانگی جولەی ساڵی ١٨١٧ و لەتەمەنی ٤١ ساڵیدا گیانی سپارد.

جەین، لەدوای خۆی خەرمانێک لە رۆمانی بەهێز و بە مانای جێهێشت، کە هەریەکێکیان لە لایەنێکی ژیان دەدوێن و هەریەکێکیان بەشێوازێک ژنیان وێنا کردوە. سەرجەم رۆمانەکانی جەین ئەوستن لە ژیانی راستەقینە دەدوێن و بەزمانێکی ئاسان و بێ گرێ نوسراونەتەوە.

چوار پۆستی سەرۆک بەشەکان لە زانکۆی گەرمیان بە دەستی ژنانەوەیە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

سەرباری بونی دەیان مامۆستای ژن، بەڵام هێشتا رێژەی ژنانی مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان بەرامبەر بە هاوتا پیاوەکانیان، کەمە، سەرباری ئەوەش ژمارەی ئەو پۆستانەی کە ژنان لە کۆلێژ و بەشەکاندا بەدەستیانەوەیە، زۆر سنوردارن.

زانکۆی گەرمیان، لەپێشتردا دو کۆلێژی سەر بە زانکۆی سلێمانی بو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە بەفەرمی و وەکو زانکۆیەکی سەربەخۆ کراوەتەوە. ئێستا سێ فاکەڵتی هەیە: (زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش لە خانەقین، پەروەردە لە کەلار و کشتوکاڵ لە کفری)، پێکەوە ٢٤ بەشی هەیە و بۆ ئەمساڵ نزیکەی ٥ هەزار خوێندکاری هەیە.

سیمایەکی دیاری ئەم زانکۆیە ئەوەیە، کە رێژەی مامۆستایانی ژن تیایدا کەم و سنوردارە، بەتایبەتی کە رێژەیەکی کەم لەو مامۆستا ژنانەش پۆستیان وەرگرتوە کە ژمارەکەیان تەنها (٤) مامۆستایە.

د.کەواکب کەریم، سەرۆکی بەشی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان، لەبارەی ئەم حاڵەتەوە بۆ (نەوژین) وتی: «بەپێی ئەزمون و لێهاتوی خۆم هەڵیانبژاردم بۆ ئەم پۆستە، لەسەرەتادا زۆر دەترسام بۆم بەڕێوەنەبرێت، بەڵام لەوکاتەوە تا ئێستا هیچ کێشەیەکی گەورەم روبەڕونەبوەتەوە و توانیومە بەباشی ئیدارەی بەشەکە بدەم، خوێندکار و مامۆستاکانیش زۆر رازین لەکارەکانم».

د.کەواکب کەریم، کەمیی ژن لە پۆستەکانی زانکۆی گەرمیان، دەگەڕێنێتەوە بۆ دو هۆکار «یەکێکیان ئەوەیە بەردەوام پیاو رکابەری و منافەسەی ئەو پۆستانە دەکەن و رێگە نادەن بە ژنان، دوەمیش دەگەڕێتەوە بۆ خودی مامۆستا ژنەکان کە خۆیان لە قەرەی ئەو پۆستانە نادەن و خۆیان ناخەنە ژێرباری ئەو بەرپرسیارێتییە«.

> وادیارە بونی سەرۆک بەشی ژن لایَ سەرۆکی زانکۆی گەرمیان خەمێک نییە

بەڵام مامۆستایەکی دیکە، هۆکارەکان زیاتر لە دو دانە دەبینێت، بەڵکو رەگی ئەم حاڵەتە گرێدەداتەوە بەلایەنە کەلتورییەکان و هەروەها دەستوەردانە حیزبییەکان.

سامان بەهمەن، سەرۆکی بەشی کوردی، لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوەی ژنان لەم پۆستانەدا نەبینرێن، ئەوانەش: پیاوسالاری، ئاین، حیزب و داخراویی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە».

سەرباری ئەو رێگرییانەش، بەڵام ئەو مامۆستایە گەشبین بو بەوەی کە ئێستا ژمارەی ئەو ژنانەی رو لەخوێندنی باڵا دەکەن زیاتر بوە، کە ئەمەش دەرەنجام ژمارەیان لە زانکۆ و سلکی وانەوتنەوەی زانکۆیی و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی لە زانکۆ، بەهێز و باشتر دەکات.

بەپێی ئامارێکی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان، لە زانکۆکەدا گەرمیاندا ٢٨٢ مامۆستا هەیە، لەو رێژەیە ٢٠٧ مامۆستا لە رەگەزی نێرن و ژمارەی مامۆستایان لەرەگەزی مێ ٧٥ مامۆستان، هەروەک تەنها چوار لەو مامۆستا ژنانە، پۆستی سەرۆک بەشییان وەرگرتوە.

ئینتسار یەحیا ئاغا، بڕیاردەری بەشی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان، وایدەبینێت کە کەمی ژمارەی ژنان لە پۆستەکانی زانکۆ، بەهۆی پێنەدانی دەرفەتەوەیە.

وتی: «بۆیە سەرۆک بەشی ژن کەمە، چونکە هەل نادرێت بە ژنەکان».

ئەو مامۆستایەی زانکۆی گەرمیان، نەیشاردەوە کە بەدیوێکی تریشدا، خودی ژنانیش خەتابارن «لەلایەکیشەوە ژنەکان خۆیان ئەشارنەوە لەو پۆست و بەرپرسیارێتییانە«.

بەڵام مامۆستایەکی دیکەی ژن لە زانکۆکە، پێیوایە کە مەسەلەکە خۆشاردنەوە نییە، بەقەدەر ئەوە بریتییە لە بونی ئیلتیزامی خێزانی کەوادەکات نەپەرژێنە سەر لایەنی کارگێڕیی و کاتیان بۆی نەبێت.

هێرۆ هیلال، مامۆستا لە بەشی کیمیا، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «سەرۆک بەشیی جگە لەوەی ئەرکێکی قورسە لەبەرامبەریشدا حەزو ئارەزوی دەوێت».

وتیشی: «بەهۆی لایەنی خێزانداریی و مناڵەوە، رەنگە مامۆستایانی ژن کاتی پێویستیان بۆ ئەم بوارە نەبێت».

م.ئینتیسار، بۆچونێکی تری هەیە، پێیوایە کۆمەڵگا سنوری بەرپرسیارێتیەکانی ژنانی دیارییکردوە، ئەمەش وادەکات نەتوانن پۆست لە زانکۆ وەربگرن.

وتی: «زۆرجاریش کۆمەڵگە وایکردوە کە ژنان دوربن لەو پۆستانە».

د.کەواکب کەریم، لەو خاڵەدا هاوڕای (م.ئینتیسار)ە و دەڵێت: «کۆمەڵگەی ئێمە قیاسێکی بۆ ژن دروستکردوە کە بە ژن دەڵێت تۆ هەر ئەوەنە ئەتوانیت و هەر ئەوەنەت پێ دەکرێت».

بەڵام وادیارە ئەم نایەکسانییە، لەلای سەرۆکی زانکۆی گەرمیان خەمێک نییە، چونکە پاش ٢ جار سەردانی شەخسی و ٣ جار تەلەفۆن کردن و دانانی کاتێک بۆ ئەوەی لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لێدوانی لێوەرگرین لەسەر ئەم بابەتە، کەچی لەکاتی خۆی دا وەڵامی نەدایەوەو بەدەممانەوە نەهات!

بۆ ژنان نییە ببن بە سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان؟

■ نەوژین، ئەسما کەریم

ئەگەرچی کەرتی پەروەردە لەدێرینترین ئەو بوارانەیە کە ژنانی گەرمیان کاری فەرمانبەریان تێدا کردوە، بەڵام جگە لە مامۆستایەتی، زۆر بەکەمی پۆست و پلەکانی دیکەی ئەو کەرتە لە گەرمیان، بە ژنان رەوا بینراوە، یەکێک لەو بەشانەش کە پەیوەندییدارن بە پەروەردەو رێژەی ژنانی تێدا کەمە سەرپەرشتیارێتییە.

بەپێی سیستەمی خوێندن، جگە لە فەرمانبەر و مامۆستا و بەرپرسانی پەروەردە، لە هەمو قەزاو پەروەردەیەک دا، ژمارەیەک کەس هەن کە بە سەرپەشتیار «مشرف» ناودەبرێن، کاری ئەمانە بریتییە لە سەرپەرشتییکردنی مامۆستایانی پسپۆڕێتییە جیاوازەکان بۆ زانینی ئاست و رادەی زانسیتی و مامەڵەیان لەگەڵ خوێندکاران، ئەمە سەرباری ئەوەی کە سەرپەرشتیاری دیکەش هەن کە پەیوەستن بەلایەنی کارگێڕیی قوتابخانەکانەوە.

لەگەرمیاندا ئەگەرچی ژمارەی مامۆستای ژن لەئاستێکی باشدایە، بەڵام زۆر کەمیان دەبن بە سەرپەرشتیار، بەشێوەیەک رێژەکە لە پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕێت.

م. پەروین رەحیم، ٤٩ ساڵ، ماوەی ٧ ساڵە پۆستی سەرپەرشتیاری وەرگرتوە ، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەرکی سەرپەرشتیاریی قورسە، بۆیە ژنان خۆیانی لێ دەبوێرن.

بۆ (نەوژین) وتی: «پیشەی سەرپەرشتیاری کاتی زیاتر و سەرقاڵی زۆری دەوێت , لەکۆمەڵگەی ئێمەدا واباوە کە ئیشوکاریماڵەوە و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵان لەئەستۆی ژنانە، بۆیە ژنان خۆیان لەم پیشەیە نادەن».

ئەو سەرپەرشتیارە، ئاماژەی بەوەشکرد کە کاری سەرپەرشتیاریی جگە لە کاتی دیاریکراو، کاتی دیکەشی دەوێت، بۆیە ئەگەر خێزان و ماڵەوە پشتیوان نەبن، ناتوانیت کارەکە بە باشیی ئەنجام بدەیت و تیایدا سەرکەوتو بیت.

بەڵام بەپێچەوانەوە، رایەکی دیکە هەیە کەپێیوایە ئەوە پەروەردەیە وایکردوە ژنان کەمتر ئەم پۆستە وەربگرن و پێیان نەدرێت.

م.ساهیرە عەبدولحەمید، ٥٥ ساڵ، کە ماوەی ٢٤ ساڵە پۆستی سەرپەرشتیاری قوتابخانەی وەرگرتوە، دەڵێت: «پەروەردە ئەو پشکەی بۆ هەردو رەگەز دایناوە لە بواری سەرپەرشتیکردن دا وەکو یەک نییە، چونکە بەشی رەگەزی نێر زۆر زۆر زیاترە لەهی رەگەزی مێ».

> ژنان خۆیان داوای پۆستی سەرپەرشتیاریی ناکەن

ئەو سەرپەرشتیارە، خۆی بە نمونە هێنایەوە کە کاتێک وەرگیراوە بۆ ئەو پۆستە، ١٠٪ی پۆستەکانی ئەو بەشە بۆ ژنان دانراوەو ئەوەکانی دیکە بۆ پیاوان بوە.

وتی: «ئەوکاتەی کە من فۆرمم بۆ بون بە سەرپەرشتیار پڕکردەوە، تاقیکردنەوەم ئەنجام نەدا، بەڵکو پەروەردە بەڕێژە پشکی هەردو رەگەزی دیاریکرد کەپشکی ژنان بۆئەم پۆستە تەنها لە١٠٪ بو».

ئاماژەی بەوەکرد: «کە ئێستا وەرگرتنی پۆستی سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان لە رێگەی تاقیکردنەوەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام رێژەی ژنان هێشتا هەر کەمن لەو بەشەدا».

ئەگەر ئەو سەرپەرشتیارە ژنە پەروەردە بەهۆکاری ئەو نایەکسانییە بزانێت، ئەوا سەرپەرشتیارێکی پیاو هۆکارەکەی بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییەکە دەگەڕێنێتەوە.

م. مەجید رەشید عەزیز، ٥٨ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «لەکۆمەڵگای ئێمەدا تاوەکو ئێستا دابونەریتی پیاوسالاری هێشتا بەردەوامە , هەربۆیە خێزان و کۆمەڵگا یەکێکن لە هۆکارە سەرەکیەکان بۆ ئەوەی مامۆستایانی ژن نەتوانن ببنە سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان».

بەپێی ئامارێک کە (نەوژین) لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکانەوە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان وەری گرتوە، ٤٢ سەرپەرشتیار لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان دا هەن، لەو رێژەیەش تەنها ٣ سەرپەرشتیاریان ژنن.

م. زەینەڵ رەشید سادق , بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارانی ئیدارەی گەرمیان، سەبارەت بەو مەرجانەی کە دەبێت هەر مامۆستایەک تێیدا هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «مەرجەکانی وەرگرتن بۆ هەردو رەگەز وەکو یەکن , دەبێت هەر مامۆستایەک ساڵانی خزمەتی لە ١٢ ساڵ کەمتر نەبێت و تەمەنی لە ٥٠ ساڵ سەروتر نەبێت».

ئەو مامۆستایە ئۆباڵی کەمیی ژن لەو بەشەدا، بۆ خودی ژنان دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمەش نمونەی ئەوە دێنێتەوە کە ئێستا دەرگای پڕکردنەوەی فۆرم بۆ بون بە سەرپەرشتیار کراوەتەوە، کەچی بەوتەی خۆی ئەوانەی فۆرمیان پڕ کردوەتەوە، رێژەیەکی زۆر کەم مامۆستای ئافرەتیان تێدایە.

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانیش، لەپاڵ ئەوەی کە پێیوایە مامۆستایانی ژن خۆیان نایانەوێت لەو بەشەدا کار بکەن، هاوکات کۆمەڵگاش بە هۆکارێکی تر دەزانێت.

م.دارا ئەحمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «هۆکاری کەمی بەشداری کردنی ژنان لە پۆستی سەرپەرشتیاری خۆیانن کە داواکاری پێشکەش ناکەن، لە پاڵ ئەمەشدا کۆمەڵگای ئێمە هاوکار نیە بۆ ژنان تا بتوانن بەشدار بن لە هەندێک پۆستدا».

بنەبڕکردنی خەتەنەکردنی مێنە و ئەزمونی ٧ ساڵی کارکردنم

> هەمیشە گەیشتن بەکەسی یەکەم و ئەنجامدەری پرۆسەی خەتەنە قورسبو

> وتەی قوربانیەکان هەمیشە لە مێشکی من دا دەزرنگێنەوە

■ گوڵباخ حەسەن

بۆ یەکەمجار لە ٦ی فێبریوەری ساڵی ٢٠٠٣، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێنەی لەجیهاندا ناساند، هەمان ڕۆژ ڕێکخراوی یونسێف، یونسکۆ، مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی پەیوەست بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دژ بە خەتەنەکردنی ژنان بڵاوکردەوە و تێدا باسیان لەوە کرد کە ئەو کردارانە نەک تەنیا هیچ سودێکی پزیشکی نیە، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە زەرەرمەند و زیان بەخشە.

هەمان ڕۆژی هەمو ساڵێک لەجیهان و هەرێمی کوردستانیشدا، چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکی و ئامارەکانیان لەبارەی ئەم حاڵەتەوە بڵاو دەکەنەوە، بە ئامانجی نەهێشتن و بەرگرتن بەم کارە قیزەوەنە.

لەماوەی ٧ ساڵی کارکردنی بەندە لەناوچەی گەرمیان، لەریزی سێ ڕێکخراوی جیاواز دا، کارم بۆنەهێشتن و بنەبڕکردن و ناساندنی زەرەر و زیانە جەستەیی و کۆمەڵاتیەکانی ئەم دیاردەیە کردوە، چەندین ئامار و داتامان کۆکردوەتەوە کە دەلالەت بوە لەوەی کە ژنان لە رابردودا خەتەنەکراون، چەندین سەرەداویش پێشکەش کراون کە دەلالەت بوە لەبەردەوامی ئەم کردەوەیە بەشێوەی نهێنی.

یەکەم بەرکەوتنیشم لەم بوارەدا، ڕاپرسیەک بو کە رادیۆی تەوار لە کەلار بۆ زانین و دەسکەوتنی ئامارێکی ورد لە بارەی ئەم حاڵەتەوە لەساڵی ٢٠٠٧ لەناوچەی گەرمیان ئەنجامی دابو، کە بەداخەوە لە ٥٠ فۆرم کە من دابەشم کرد و سەرپەرشتی پڕکردنەوەیانم کرد، ٢٧ لەو کچانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٢ بۆ ١٧ساڵی دا بو خەتەنەکرابون، خۆشبەختانە جگە لە یەک حاڵەت کە پێش ساڵێک لەو بەروارە خەتەنەکرابو، هەموحاڵەتەکان کۆن بون.

لە ڕێکخراوی ئاسودە ماوەی دو ساڵی کارکردنم هیچ حاڵەتێکی نوێم تۆمارنەکرد، جگە لە سێ حاڵەت کە پلان هەبو بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردنیان، بەڵام بەهەوڵی هاوکارانم توانیمان پلانەکە پوچەڵ بکەینەوە و سێ کچی تەمەن ٣ بۆ ٥ ساڵ لەکردەی خەتەنەکردن ڕزگاربکەین.

لەماوەی کارکردنم لەساڵی ٢٠١٤ بۆ ناوەڕاستی ٢٠١٦ لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، بەهەمان شێوە جگە لەیەک حاڵەت کەکچێکی خوێندکاری زانکۆ لەگەڵ دو لە هاوڕێکانی هاوینی ٢٠١٤ خەتەنەیان کردبو، جگە لەمە حاڵەتی نوێم بەرچاو نەکەوت.

هەڵبەتە زۆرمان ئەبیست کە کردەوەی خەتەنە بەردەوامە، بەڵام بەهۆی ترس لە یاسا و بە نهێنی کردنی ئەو کردەوەیە، وەک هەمیشە گەیشتن بەکەسی یەکەم و ئەنجامدەری پرۆسەکە قورسبو.

لەهەمان کاتیشدا دایکانێکی زۆرمان دەدواند کە لە فەراغی نەبونی مامان خۆیان ئەو کردەوەیان بۆکچەکانیان ئەنجامداوە، ئەمە جگەلەوەی چەندین چیرۆکی خەتەنەکردنمان بەرگوێ دەکەوت، چەندین ژنی مامان کە لە رابردودا بژێویان لەسەرخەتەنەکردنی ژنان بوە، بەئاشکرا دەیان وت: «ئێوە بژێوی ئێمەتان لەناو برد»، ئەمە جگەلەوەی چەندینجار خۆم و هاوکارەکانمان بەلادەر لە شەرع و سونەتەکانی ئیسلام تۆمەتبار دەکراین.

لەئەزمونی کارکردنمدا، پشو درێژیی و هەوڵەکانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی زۆر سەرنجی ڕاکێشابوم، چونکە یەکێک بوە لەو ڕێکخراوانەی کە پشو درێژترو چڕ و پڕ تر لە ڕێکخراوەکانی تر، ئەم برینەی ژنانی لەئەستۆ گرتبو، توانی ڕۆڵێکی مێژوی بۆخۆی تۆماربکات لەنەهێشتن و بەرگرتن و نزیکردنەوەی ئامارەکانی خەتەنەکردنی ژنان بۆ سفر، هەروەک ئەرک و ماندوبونی هەمو ئەو ڕێکخراوانەی کە لە رابردو و ئێستادا خزمەتیان بەنەهێشتنی ئەم کردەیە کردوە، ناویان لەمێژوی نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستان بە پرشنگدار ئەمێنێتەوە، هەروەک چۆن بەهەوڵی هەمولایەک توانرا لەیاسای ژمارە هەشتی ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان خەتەنەکردنی مێنە قەدەغەبکرێت و سزا بۆ ئەنجامدەرانی کردەوەکە دیاری بکرێت.

چیرۆکە تراژیدیەکان، وتەی قوربانیەکان، هەمیشە لە وەکو یادگاریەکی تاڵ لە مێشکی مندا دەزرنگێنەوە، ئەم سەرە دێڕانەی خوارەوە نمونەیەکن لەخەراورێک لە ئەتککردنی ئەو ژنانەی کەبەناوی سونەت بە زۆرەملی پرۆسەی خەتەنەکردنیان بۆ ئەنجامدراوە.

«ئەو مامانەی خەتەنەی کردم، بەهەڵە یەک بەش لەئەندامی زاوزێمی لێکردەوە، دوای ئەوەی سێ جار شوم کردوەتەوە، هیچ پیاوێک نایەوێت لەگەڵ ژنێکی ساردو سڕ و جەستە شێواوی وەک من درێژە بەژیان بدات».

«بەبیانوی تۆمارکردن لەقوتابخانە منیان بردە شار، کەچی بە چوار کەسەوە قۆڵ بەستیان کردم بۆ خەتەنەکردن».

«بەمارەبڕاوی مێردەکەم کەزانی خەتەنە نەکراوم، ناچاری کردم لەتەمەنی ١٩ساڵی ئەو کارەبکەم».

«مامانەکە پێ وتم: تۆ ئەبێ جارێکی تر خەتەنەت بۆ بکەمەوە، چونکە کەمم بۆ بڕیوی!».

«منداڵێکی عەجول بوم، مامانی گوندەکە زۆر ڕقی لێمبو، بۆیە کاتێک خەتەنەی بۆکردم بەئەنقەست زۆری لێ بڕیم».

ئایا کارکردن بۆ ژنان هەمو شتە؟

■ ناز عەلی

زۆرجار دەبیستین و باسلەوەدەکرێت کە ژنان لە کوردستان بەمافی خۆیان گەیشتون و پێشکەوتون، ئەویش بەوهۆیەی کە ئێستا ژنانی زۆر کاردەکەن و لەدەرەوە دەبینرێن و تێدەکۆشن، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا ئازادیی تەنها بریتییە لە کارکردن؟

> هەڵەیە وابزانین مەدام کچان کار دەکەن ئیتر ئازادن

ماوەی چەندین ساڵە ژنانی کوردستان لە تێکۆشانی بەردەوامدان بۆ قایمکردنی جێ هەنگاوەکانی خۆیان بەتایبەت لە باشوری کوردستان، بەشێوەیەک کە چالاکوان و ڕێکخراوەکان و خەڵکی ئازادیخواز لە هەوڵی بێوچان و بەردەوام دان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دۆخی ژنان و چەسپاندنی مافەکانیان.

ئێستا ڕەوشی ژنان ڕاستە لەزۆر ڕووەوە بەرەوپێشەوەچونی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام هێشتا ئەوەی هەمو ئازادیخوازان چاویان لێیەتی بەدیی بێت، بەدیی نەهاتوە، ئەویش یەکسانی سەرانسەریی و یەک پارچەییە، واتا یەکسان بونی ژن و پیاو بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان، بەوەی هەردوکیان وەکو یەک مرۆڤن و ئەرک و بەرپرسیارێتیان لەسەر شانەو لەبەرامبەریشدا مافیان هەیە.

لەم ماوانەی رابردودا، ژمارە و ڕێژەی ژنانی ئیشکەر لە کوردستان دا، بەرادەیەکی بەرچاو ڕوی لە زیادبون کردوە، بەتایبەتی دوای قەیرانی دارایی هەست بەوەدەکرێت کە هاتنە بواری کاری ژنان زۆر زیاتر بوە، وەک ئەوەی قەیرانەکە دەرگایەکی خێر بوبێت و لە ژنان کرابێتەوە!

هۆکاری ئەم حاڵەتە چەندین خاڵی جۆراوجۆرە، کە بەرای من بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پاش ئەوەی ڕەوشی دارایی خێزانەکان خراپ بون، بۆیە بۆ ئەوەی ڕەوشەکەیان بەرەو باشتر بچێت ئەوا ڕێگە بەژنان دراوە کار بکەن.

هەروەها هۆکارێکی تریشی ئەوەیە کە جاران ژنان زۆرتریان فەرمانبەر و کارمەند بون، بەڵام بەهۆی قەیران و نەمانی موچەو خراپبونی دۆخی موچەخۆران و کەمبونەوەی کاری نوسینگەیی و ڕێکخراوەکان کە پارەیان بە کارمەندەکانیان دەدا، بۆیە ژنان بیریان لە کاری سەربەخۆ و پەنابردن بۆ کاری ئازاد بردوە.

لەپاڵ ئەمانەشدا نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ژنانیش تاڕادەیەک بەرەوپێشەوەچون لە تێڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەریان، واتا ئێستا وەکو جاران نییە کە لە سوچیماڵدا قەتیس بکرێن، بەڵکو کۆمەڵگا تاڕادەیەکی ڕێژەیی باوەڕی بەوە هێناوە کە ژنانیش دەتوانن دەوریان هەبێت لە ژیاندنی ماڵ و خێزان و هاوکار و پشتیوانی باوک و برا و مێرد بن لە ڕوی دارایی و دابینکردنی بژێویی ژیانەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە من ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم لەم بەشەی وتارەکەمدا ئەوەیە کە والێکدراوەتەوە یان وا لێکدەدرێتەوە کە مەدام ژن هاتە ناو کار و ئازادی پێدراوە کار بکات، ئەوا تەواو ئازادیی بەدەستهێناوە.

ئەم تێڕوانینە پڕێتی لە هەڵەو کەموکورتیی، چونکە ئازادیی ژن بەتەنیا لە ئیشکردنی دا کورت نابێتەوە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین مەدام کچان کار دەکەن ئیتر ئازادن، بەڵکو ئەوە بەشێکە یان بوارێکە لە ئازادیەکان.

دیارە ئیشکردن و ئازادیی ئیشکردن، مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە، بەڵام هەمو مافەکان نییە، ڕاستە ژنان هەندێکیان ڕێیان دراوە ئیش بکەن، بەڵام هێشتا ئەو ڕێپێدانە سنور دارە، چونکە هەمو ژنان ناگرێتەوە، بەڵکو بەدەیان قات بەرامبەر ئەو ژنانەی کە کاردەکەن، ژنانێک هەن کەرێگەیان نادرێت ئەو مافە پیادە بکەن.

هەروەها ئیشکردنی ژنانیش، بەمانای ئەوەنایەت ئیتر تەواو ژنان مافەکانیان چەسپا و کێشەیان نییە، بەڵکو ئەتوانین وا ناوی ببەین کە ئەمە بەدیهێنانی بەشێکە لە مافەکان، هەروەها ئەبێت دەروازەی مافەکانی تریش بکاتەوە.

بەو مانایەی کە چۆن ژنان توانیویانە بەشێکیان ئازادیی لە بواری کارکردن بەدەست بێنن، دەبێت ئەواش ئازادیی لە بوارەکانی تریش بەدەست بێنن، تادەگات بەوەی جیاوازیەک لەنێوان ئەو و پیاودا نەمێنێت، هەردوکیان وەکو دو مرۆڤی یەکسان لەکۆمەڵگەدا هاوشانی یەکتر بن و پشتیوان و هاوکاری یەک بن. پێکەوە نەوەیەکی نوێ پەروەردە بکەن کە ڕێز لە مرۆڤ و ئازادیەکانی بگرێت، لەبەر مرۆڤبونی نەک لەبەر ئەوەی ژنە یان پیاوە. ئەم کارەش ئەگەرچی قورسە، بەڵام مەحاڵیش نییە.

ژنانیش قژیان هەڵدەوەرێت

پسپۆڕێک هۆکارەکەی رون دەکاتەوە

■ نەوژین، سۆزان خەلیل

قژروتانەوە، بەتایبەت بۆ ژنان وەکو مۆتەکە وایە، بەتایبەتی کە قژ لە روی جوانکاریی و سیماوە بەلای ژنانەوە گرنگیەکی زۆر و تایبەتی هەیە. کەوایا بۆچی و لەسەر چی قژی ژنان دەڕوتێتەوەو هۆکارەکانی چین؟ چۆن دەتوانرێت بەر بە روتانەوەی قژ بگیرێت و ئەو کارە هەڵانە چین کەوادەکات بەهۆیانەوە پرپی قژمان لەدەست بدەین؟

د. مەحمود فەقێ رەسوڵ، پزیشکی راوێژکاری نەخۆشیەکانی پێست و زوهری، لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا تیشکدەخاتە سەر حاڵەتی روتانەوەی قژ لەلای ژنان و باس لە هۆکارەکانی دەکات.

هەندێکجار روتانەوەی قژ دەستکردە کەسەکە خۆی دروستی دەکات

هۆکارەکانی روتانەوەی قژ چیە؟

بەشێوەیەکی گشتی روتانەوەی قژ هۆکاری زۆری هەیە ئەوەی کە زۆر باوە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەیە کە ئافرەتان زیاتر بەدوای ئەکەون کە ئەڵێن قژمان زۆر هەڵئەوەرێ، کەسی وا هەیە کە کیسەیەک پڕ ئەکات لە قژی یەک رۆژی کە روتاوەتەوە. هەندێک هۆکاری روتانەوەی قژ بۆماوەیین، هەندێکی دیکەش زگماگین واتا بۆ نمونە مناڵێک لەدایک ئەبێت کێشەیەک هەیە لە رەگی موەکانیدا کە بەباشی دەرناچن بۆیە ئەم مناڵە نەخۆشی تریشی لەگەڵ دایە، بەڵام زۆر کەمە.

ئەم حاڵەتە لەلای ئافرەتان بەتایبەتی چۆنە؟

هەندێک ئافرەت هەن دوای ٤ مانگ مناڵبون قژیان ئەڕوتێتەوە چونکە گۆڕان لە هۆرمۆناتی قژیان رو دەدات، بەڵام دوای ٤ مانگەکە قژیان پڕ ئەبێتەوە بە بێ وەرگرتنی چارەسەر، چونکە لە بنەڕەت دا کەم ڤیتامینی و کەم خوێنی وا لە قژ دەکات بڕوتێتەوە.

بەکارهێنانی دەرمانی وەکو بۆیە و مێشکردن تا چەند کاریگەری لەسەر قژ روتانەوە هەیە؟

هەندێکجار روتانەوەی قژ دەستکردە واتە کەسەکە خۆی دروستی ئەکات، بۆ نمونە دەستکاری کردنی زۆر و شانەی دڕ و زبر بەکار ئەهێنێت یان زیادەڕەوی بکات لە بۆیە کردن. ئەمانە هەموویان ئەگەری هەیە کە ببنە هۆکاری روتانەوەی قژ، هەندێک کەس هەن لە رۆژێکدا قژ بەسەریەوە نامێنێت، هەندێک کچانی گەنج هەن وەکو حاڵەتی نەفسی هەمو کات دەست لە قژیان ئەدەن و رای دەکێشن، ئەمانەش ئەبێتە هۆی روتانەوە.

رەگەز جیاوازی هەیە لە روتانەوەی قژ؟

بەڵێ جیاوازی هەیە، لە پیاواندا سەری هەموی کەچەڵ ئەبێت، بەڵام لە ئافرەتاندا تەنک ئەبێت.

ئایا هیچ دەرمانێک هەیە رێگر بێت لە روتانەوەی قژ؟

نەخێر تەنها کەسێک نەبێت کە ڤیتامین لە لەشی کەم بێت، بە پێدانی ڤیتامین باشتر دەبێت.

حاڵەتی دەرونی تا چەند کاریگەریی لەسەر روتانەوە هەیە؟

حاڵەتی دەرونی کاریگەری هەیە لەسەر هەمو کەسێک، مرۆڤ بەگشتی هەمو رۆژێک ١٠٠ بۆ ١٥٠ دانە مو لە قژی ئەڕوتێتەوە و ئەمە ئاساییە و ناکرێت بکرێتە خەم، بەڵام حاڵەتی دەرونی تر وەکە قەلەقی و خەمۆکی کاریگەری لەسەر روتانەوە هەیە و رێژەکە زیاتر دەکات.

ئایا تەمەن پەیوەندیی بە روتانەوەی قژەوە هەیە؟

بەڵێ تەمەن زۆر گرنگە، وەکو ئەبینین روتانەوەی قژ زیاتر لەتەمەنی ٢٠ بۆ ٣٠ساڵ دەردەکەوێت، بۆ ئافرەتان زیاتر سەروی ٣٠ ساڵی پێوەی دیار ئەبێت کە پێشی سەریان تەنک دەبێت.

جۆراوجۆریی خۆراک، یان نەشیاوی جۆری خۆراکەکان تا چەند رۆڵیان هەیە لەسەر روتانەوەی قژ هەیە؟

ئەگەر کەمی ڤیتامین و پرۆتیناتی نەبێت کێشەی نیە، بەڵام بەگشتی میوەو سەوزە باشە بۆ مو و نینۆک.

تا چەند راستە کە خەنەی کوردی وا ئەکات قژ جوان ببێت و پڕ ببێت؟

نەخێر ئەم قسەیە راست نیە، خەنە تەنها بۆیاغە و قژ بەهێز ناکات، بەڵام خەنە وەک بۆیاغێک بە دەوری موەکەوە ئەمێنێتەوە واتا چینێک دروست دەکات بەدەوری موەکەداو وادەکات ئەستور دەربکەوێت.

ئەو هۆکارانە چین کە رێگرن لە روتانەوەی قژ؟

ئەوەی کە بەدەسەڵاتی مرۆڤ بێت ئەگەر لاوازیی نەبێت و کەم ڤیتامین نەبێت، زۆر بەدەست دەستکاری نەکات، ئەوا قژەکە کەم ئەڕوتێتەوە، بەڵام زۆر دایک هەیە قژی مناڵەکەی توند ئەبەستێت کە ئەمە ئەگەر دوبارە بویەوە رەگی موەکە ئەلەقێت و موەکە دەرئەچێت و دواجار ئەڕوتێتەوە.

وەستانی سوڕی مانگانە



■ نەوژین

وەستانی تەواوەتیی سوڕی مانگانەی ژنان، قۆناغێکە کە زۆر ناو و دەستەواژەی بۆ داتاشراوە، لەنێویاندا «تەمەنی بێهودەیی»، تەمەنی «نائومێدیی»، تەنانەت بە «پیربون»یش ناودەبرێت. هەربۆیە زۆر بۆچون و زانیاریی هەڵەو نازانستی لەمبارەیەوە برەوی پێدراوە، کە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو هەڵانە و راستیە زانستیەکەی بخەینە رو.

سەرەتا دەبێت ئەو راستیە لەلامان بچەسپێت کە وەستانی سوڕی مانگانە لەلای ژنان نەخۆشیی نییە، بەڵکو حاڵەتێکی بایۆلۆژی ئاساییە، ئەویش کاتێک ژن دەگاتە تەمەنێکی دیارییکراو، چیتر سوڕی مانگانەی نامێنێت. ئەم حاڵەتەش لەسەرەتادا رەنگە لەروی دەرونی و جەستەییەوە، کێشە بۆ ژنان دروستبکات و توشی کەمخەویی و قەلەقییان بکات، بەڵام بەگشتی حاڵەتێکی ئاساییەو رێگای هەمو ژنێکە.

ئەم حاڵەتە کاتێک رودەدات کە لە لاشەی ژن کۆمەڵێک گۆڕانکاریی هۆرمۆنی دێتە ئاراوە کە سەرەنجامەکەی بە وەستانی تەواوەتی سوڕی مانگانە کۆتایی دێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو بۆچونە هەڵەیەی کە هەیە و وادەبینێت ئازار و نارەحەتی ژیان، وادەکات لە ژن توشی ئەو حاڵەتە ببێتەوە و بەکوردییەکەی دەڵێن: «ژن پیر دەکەن».

سەرەتا دەبێت باوەڕ بەوە بێنین کە وەستانی سوڕی مانگانە بەمانای وەستانی ژیان نایەت، چونکە ئەم روداوە لە نیوەی رێگەی ژیانی ژن دا رودەدات نەک لە کۆتایی، بەو مانایەی هێشتا نیوەی تری رێگای ژیان لەپێش ژنان دایە.

دوەمیش دەبێت ئەوە بزانین کە دەستپێکردنی ئەم قۆناغە، بەمانای تێکشکانی ژنێتی و جوانیی ژن نایات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێک لە ژنان لەپاش ئەم قۆناغەوە، رەوشیان باشتر دەبێت و چیتر سوڕی مانگانە بێزاریان ناکات و دەتوانن ژیانیان ئاسانتر بکەن.

وەستانی سوڕی مانگانە بەمانای وەستانی ژیان نایەت

هۆکارەکانی روودانی ئەم حاڵەت و دەستپێکردنی ئەم قۆناغە، زانست بە رونی شیکردوەتەوە، بەڵام رەنگە زۆرجار ژنان گرنگیی ئەوتۆی پێنەدەن.

شیکردنەوە زانستییەکە بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کەلەو تەمەنەدا، هێلکەدان هۆرمۆنی کەمتری ئەستڕۆجین Estrogen و پرۆگیستیرۆن Progesterone دەردەدات و دروست دەکات کە ئەم دو هۆرمۆنە بەرپرسن لە رێکخستنی سوڕی مانگانە.

ئەمەش وادەکات کە وردە سوڕی مانگانەی ژنان کەم بکات و رێکوپێکیەکەی پێشوتری نەمێنێت، تا دەگاتە ئاستی وەستان. لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەی هێلکە ساغەکانی ژنان کە رەنگە ببنە مناڵ، کەمتر دەبێتەوەو کرداری پیتاندنیش بەهەمانشێوە کەم و سنوردار دەبێتەوە، هەروەها ئاستی هۆرمۆنی پرۆگیستیرۆن بەرزبونەوەیەکی توند بەخۆوە دەبینێت، کە ئەرکێکی تری ئەم هۆرمۆنە بەرپرسیارێتییە لەوەی جەستە رابێنێت بۆ دوگیانی.

ئەوەی تائێستا بەگشتی یەکلایی نەبوەتەوە، ئەوەیە کە تەمەنی دەستپێکردنی ئەم قۆناغە لەلای ژن وەک یەک و دیارییکراو نییە، واتا بەدیارییکراوی تەمەنێک بونی نییە کەتیایدا ژنان روبەڕوی وەستانی سوڕی مانگانەیان ببنەوە، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەگشتی تەمەنی ٥١ ساڵی وەکو دەستپێکی ئەم قۆناغە دەستنیشان کراوە.

بەگشتی لەدوای تەمەنی ٤٠ ساڵیەوە، گۆڕانکاریی لە سوڕی مانگانەی ژنان دێتە ئاراوە، ماوەی چەند ساڵێکی دەوێت هەتا دەگات بە وەستانی تەواوەتی.

بەگشتی ئەم قۆناغە، ساڵێک پاش دوا سوڕی مانگانە رودەدات، پێش ئەم قۆناغەش، ژن بە ئاسانی هەست بەو بارە دەکات کە سوڕی مانگانەی تێدایە، بەوەی وەکو پێشوتر بە رێکوپێکی و لەکاتی دیارییکراودا نابێت، بەڵکو پچڕ پچڕ دەبێت و کاتەکانیشی دەگۆڕێت، ئەمە لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاریی دیکە کەلەکۆئەندامی زاوزێی ژن دا دروست دەبێت لەوێنەی وشکبونەوەی رێڕەوی مناڵدان و کەمبونەوەی بەپیتێتی و هەروەها هەندێک نیشانەی تری وەکو تێکچونی مەزاج و کەمخەویی و هی تر.

سەرچاوە:
www.webteb.com/woman

بەم ڕێگایانە ببە خاوەنی نینۆکێکی جوان و بەهێز

> هەرگیز مەهێڵە لەیەک هەفتە زیاتر بۆیەبە نینۆکتەوە بمێنێتەوە

■ نەوژین، سێوە محەمەد

ئەگەر چاو پەنجەرە بێت بۆ بینینی دەرون، ئەوا نینۆک شاشەی تەندروستی لەشە!

جوانی و سەلامەتی نینۆکەکان زۆر گرنگن، ڕەنگ و ڕوی نینۆکەکان زۆرجار ئاماژە بە تەندروستی خاوەنەکەی دەکەن، نینۆکی تەندروست چەند نیشانەیەکی هەیە، لەوانە: دەبێت ئەو بەشەی بە گۆشتەکەوە نوساوە ڕنگەکەی پەمەیی بێت (سورێکی کاڵە بەهۆی مولولەی خوێن لە ژێریدا)، ئەو بەشەی کە لە گۆشتەکە دەرچوە دەبێت ڕەنگەکەی سپی و ساف بێت و درزی تیا نەبێت.

هەمو نینۆکێک لە سێ چین پێک هاتوە، چینی سەرەوە دەکرێت زبر بێت و توێژ هەڵبدات یان درز ببات بەهۆی لاوازی نینۆکەوە. چەند هۆکارێک هەیە لە پشت لاواز بونی نینۆکەوە هەندێکیان ناوەکین و هەندێکیان دەرەکین، گرنگترینیان لە خوارەوە دەخەینە ڕو:

*** هۆکارە ناوەکییەکان**

١. دەکرێت هۆکاری نەخۆشی بێت، بۆ نمونە: خراپی سوڕی خوێن و کێشەی گورچیلە و نەخۆشی شەکرە، هۆکارن بۆ لاوازی نینۆکەکان، جگەلەمانەش دەشێت فشەڵی ئێسکەکان غودە و شێرپەنچەش هۆکار بن.

٢ـ کەمی ڤیتامینەکانی وەک: A , B2, B3, B5, B8, D، بە هەمان شێوەی کەمی کانزاکانی وەک ئاسن و کالیسیۆم و زینک، هەروەها کەمی ترشی ئەمینی لە لەشدا دەبێتە هۆی لاوازبونی نینۆک.

٣ـ لە نیشانەکانی کەمی مادە خۆراکییەکان وەک: کەم خوێنی و نەخۆشی ڕژێنی دەرەقی لەسەر نینۆک دەردەکەون، نینۆک و پێست و قژ لەدوای هەمو ئەندامەکانی تری لەش مادە خۆراکییەکانیان بۆ دەچێت، لەبەر ئەوە گۆرانکاری لە نینۆکەکان نیشانەی نەخۆشییە.

٤ـ دڵەڕاوکێ و کەم خەویش، کاریگەری لەسەر نینۆکەکان دەر دەکەوێت.

*** هۆکارە دەرەکییەکان**

١. ئاو بە گەورەترین دوژمنی نینۆک دادەنرێت، بەردەوام تەڕ کردن و وشکبونەوەی نینۆک هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لاواز کردنی نینۆک و درزبردن و توێژهەڵخستنی، هەروەها مادە پاککەرەوە کیمیاییەکانیش وەکو: شامپۆی قاپ شتن و جل شتن و ... هتد، ئەوانیش هۆکاری دیکەن.

٢. بەکار هێنانی ئەسیتۆن بۆ لێکردنەوەی بۆیە، هەروەها بەکارهێنانی نینۆکبڕ، کاریگەری خراپی لەسەر نیۆکەکان هەیە و دەبێتە هۆی قلیشان درز بردنی نینۆکەکان.

*** چارەسەر:**

١. پێویستە خواردنی جۆراوجۆر و تەندروست بخۆیت، لەگرنگترین ئەو خواردنانە: هێلکە، ماسی، گۆشت، شیر، چەرەزات، سەوزە و میوە.

٢. بەکارهێنانی دەستکێش لەکاتی ئەنجامدانی ئەو ئیشانەی کە ئاو و مادە پاککەرەوەکانی تێدا بە کاردێت، یان هەر ئیشێک کە پەستان بخاتە سەر نینۆک.

٣. بەکار هێنانی بڕبەن (مەبرە= مەورە) لە جیاتی نینۆکبڕ بۆ کورت کردنەوەو ڕێککردنی نینۆک، پێویستە بڕبەنکردنی نینۆک لە هەفتەیەکدا دوجار ئەنجام بدرێت.

٤. دور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی و دانانی نینۆکی دەستکرد، ڕاستە ئەم نینۆکانە جوان و سەرنجڕاکێشن، بەڵام دەبنە هۆی لاوازکردن و هەستیارکردنی نینۆکە سروشتیەکانی خۆت.

٥. نینۆکی زۆر درێژ هۆکارە بۆ شکانی خێرای نینۆک. هەروەها هەرگیز مەهێڵە لەیەک هەفتە زیاتر بۆیەی نینۆک بە نینۆکتەوە بمێنێتەوە، ئەگەر نا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی نینۆک.

٦. دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی بۆیە لێکەرەوە (ئەسیتۆن).

٧. دور کەوتنەوە لەو خوانەی کە نینۆکەکانت وەک کەلوپەلی ئیش بەکاربێنیت، بۆنمونە بۆ قوتوهەڵپچڕان.

٨. پاککردنەوەی نینۆک. نینۆکی پیس جگە لە بونی دیمەنێکی ناشیرین، گەشەی نینۆکیش کەم دەکاتەوە. فڵچە یان پاککەرەوەی نینۆک دابین بکە و ڕۆژانە بۆ پاککردنەوەی نینۆکەکانت بەکاری بێنە.

٩. چەورکردنی نینۆکەکان بەکرێمی دەست، هەروەها چەورکردنی گۆشتی قەراغی نینۆکەکانت بە زەیتی ڕوەکی یان ڤازلین، بەتایبەت لە کاتی شەوان دا.

١٠. بۆ بەهێزکردنی نینۆک، پێکهاتەیەک دروست بکە لە ڕۆنی زەیتون و خوێ، با بۆ ماوەی ١٠ خولەک نینۆکەکانت تێیدا بمێنێتەوە، دواتر بەئاوی گەرم بیشۆ، ئەمە بۆ زیندوکردنەوەو خێرا گەشەکردن و درێژبونی نینۆک بەسودە.

١١. خواردنی ڤیتامین و کانزاکان بە شێوەی حەب، گرنگترینیان B8 و ترشی ئەمینی، ئەمەش لەژێر سەرپەرشتی و بە ڕاوێژی پزیشک. چاوەڕێش مەکە دوای خواردنی ئەم ڤیتامینە دەست بەجێ نینۆکەکانت بەهێز و تەندروست بێت، بەڵکو ماوەی ٦ بۆ ٩ ڕۆژ ئەنجامەکان بەدیار دەکەون.

ئەو ژنەی هەمو ژیانی خەبات بو

■ نەوژین، شاران بەرزنجی

ئەگەرچی مێژوی بەشداریی ژنان لەکاری سیاسیی لە کوردستان و پارچە جیاوازەکانی درێژە، بەڵام کەمیان گرنگییان پێدراوەو خراونەتە بەر باس، بەڵام خەباتی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەتایبەتی تیشکی گرنگپێدانی بۆ سەر ئەم ڕۆڵەی ژنان زیاتر کرد.

> سەکینە یەکێک بو لە کۆڵەکەکانی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان

ژنانی کورد لە باکوری کوردستان، لەمێژە بە گیان داکۆکی لە کەیسی ئازادیی و نیشتمان دەکەن، ئەوان لەیەک کاتدا شەڕی بەگژاچونەوەی ناعەدالەتی و ستەمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دەکەن، هاوشانی پیاوان و زیاتریش، خەباتیان کردوەو دەیکەن، هەتا ئەگەر ئەو خەباتەش سەربکێشێت بۆ تیرۆرکردنیان، وەکو بەرامبەر بە «سەکینە» کرا.

سەکینە جانسز، لە ساڵی ١٩٥٨ لە دێرسیمی باکوری کوردستان لە بنەماڵەیەکی کوردی عەلەوی هاتوەتە بون.

سەکینە، یەکێکە لە دامەزرێنەرە هەرە ناودارەکانی نێو پارتی کرێکارانی کوردستان، هاوخەباتی نزیکی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ە، هەر زو لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» تێکەڵ بو.

لە ساڵی ١٩٧٨ لە مەراسیمی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان دا لە ئامەد، سەکینە بەناوی نهێنی «سارە» نوێنەری هەرێمی خارپێت «ئەلەزیز» بو، لە کۆی بیست و دو ئەندام، یەکەم ئەندامی مێینەی ناو ڕێکخراوەکە بو.

لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەتاوانی تیرۆر دەستگیر کراوەو لە پاش شۆڕشی ١٩٨٠ لە زیندانی بەدناوی ئامەد دا زیندانیی کرا، لەوێ ئەشکەنجە درا، بەڵام پاش ڕزگاربون لە زیندان، دیسان دەستی کردەوە بە چالاکیە پێشوەکانی.

پاش دەرچونی لە زیندان لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە حیزبەوە کرد لە دۆڵی (بیقاع) لە لوبنان دواتر چیاکانی خواکورک و برادۆست لە باشوری کوردستان.

لە ساڵانی دواتر ڕۆشتە ئەوروپا و لە ساڵی ١٩٩٨ مافی پەناهەندەیی سیاسی لە فەرەنسا وەرگرت و بو بەنوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەوروپا، هەر لەو وڵاتەش، دەستی تیرۆر لە بەرواری ٩ی کانونی دوەمی ساڵی ٢٠١٣ دا پێگەیشت و لەگەڵ دو ژنە چالاکوانی تر شەهید کران.

«هەمو ژیانم لەپێناو خەباتدا بردەسەر»، فیلمێکی بەڵگەنامەییە لەسەر ژنانی ئەم ژنە چالاکوانە سیاسییە، کە یەکێکە لە نوێترین کارە هونەریی و ڕۆژنامەوانیەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی ساکینەوە و ماوەکەشی ٩٥ خولەکە.

فیلمە بەڵگەنامەییەکە، باس لە ژیانی «سەکینە جانسز» دەکات وەکو یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان و خەباتەکانی دواتری ئەو حیزبە.

ئەم فیلمە، لەدوای ڕوداوی تیرۆرکردنی سەکینەوە ئامادەکراوە، پاش ئەوەی ئەم ڕوداوە وەکو نوێترین تیرۆری سیاسیی لە ئەوروپا خۆی بەیان کرد.

دەرهێنەری فیلمەکە، دەرسیم زریڤان، باسلەوەدەکات کە ماوەیەک پاش تیرۆری سەکینە جانسز، هاوڕێ لەگەڵ پۆلێک توێژەری ژن بڕیاریان دا ژیانی سەکینە لە باکوری کوردستان، ئەوروپا و هەروەها زنجیرە چیای قەندیل بکەن بە فیلمی بەڵگەنامەیی «دیکیۆمێنتاری».

چیرۆکی فیلمەکە وەرگیراوە لە بیرەوەرییەکانی خودی سەکینە جانسز و کتێبە سێ بەرگییەکەی کە ناوی «هەمو ژیانم لەپێناو خەباتدا بردەسەر»ە، کە خودی سەکینە نوسیویەتی و بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراون.

لەم فیلمەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ و کەسەکانی سەکینە قسە دەکەن، هەر لەتافی منداڵیەوە هەتا لاوێتی و پاشان قۆناغی خەبات و زیندان و پاشان ڕوکردنە شاخ و دواتریش ئەوروپا، باسدەکرێت و لە نزیکەوە لە ژیانی ئەم ژنە سیاسییە ئاگادارت دەکاتەوە.

دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

بۆ یەکەمجار.. ژنان دەبنە هاندەر لە یاریگاکانی تۆپی پێ





فۆتۆ: شۆڕش سەید ئەحمەد

▪ نەوژین

بۆیەکەمجار لە سنوری گەرمیان و دەوروبەری، ژنان دەبنە هاندەر و تەماشاکەر لە یاریگاکانی تۆپی پێی کوڕان دا.

لەیاریی نێوان هەردو یانەی (دەربەندیخان) و (ئارارات) لە میانەی کێبڕکێکانی خولی تۆپی پێی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لە ناوەڕاستی ئەم مانگە، ژنان وەکو بینەر و هاندەری یاریگاکە بەشدارییان کرد.
ئەگەرچی ژمارەی هاندەرانی ژن لەو یاریەدا سنوردار و دیارییکراو بو، بەڵام وەکو دیمەنێکی دانسقەو تایبەت، سەرنجی هەمو لایەکی بۆلای خۆی راکێشا.

چی لە بارەی زێڕ و عەیارەکانیەوە دەزانی؟

▪ نەوژین، ئەسما کەریم

کاتێک پرسیارمان لە (ژیان) کرد بەوەی چ خشڵێک زۆر لەلای پەسەندە، بەبێ دودڵی وتی: «زێڕ»، دواتر وتمان چ عەیارەیەک؟ وەڵامی دایەوە (٢١)، بەڵام کەپرسیارمان کرد زێڕ بۆ وا دڵخوازەو لە چی پێکدێت و عەیارەکانی چین و چۆن لەیەک جیا دەکرێنەوە؟ بە بزەیەکەوە وتی «نازانم!»

زێڕ یان ئاڵتون، لەدێرینترین ئەو کانزایانەیە کە ژنان وەکو خشڵ بەکاری دێنن، بەڵام رەنگە ژنان کەمترین زانیاریی زانستییان لەبارەیەوە هەبێت، بەتایبەتی کە ئەم پیشەسازییە زۆر وردەکاریی هەیە.
ئەیوب ئەحمد رەشید،٣٢ ساڵ، خاوەنی زەڕەنگەری ئومێد لەشاری کەلار، هەر لە منالیەوە لەگەڵ خێزانەکەی دا تێکەڵ بەکاری زەڕەنگەریی بوە، سەبارەت بەوەی زێڕ چیە و جیاوازی لەنێوان عەیارەکانی دا چیە؟ بۆ (نەوژین) وتی: «زێڕ ئەو کانزایەیە کە لە چینێکی ژێر زەوی دادەدۆزرێتەوە».
وتیشی: «زێڕ چەند عەیارێکی هەیە، هەر عەیارەیەکیشی بەشێوەیەکی جیاواز دروست دەکرێت، عەیارە ٢٤ هیچ ئاڵتونێکی لێدروست ناکرێت، بەڵکو ئاوێتە دەکرێت لەگەڵ کانزاکانی تردا بۆ دروستکردنی زێڕی عەیارە ١٨ و ٢١ و بەخۆڵیش ناسراوە».
ئەیوب، بەردەوامبو لە خستنەروی وردەکاریەکانی ئەم پیشەسازییەو وتی: «بۆ دروستکردنی ١٠٠٠ گرام زێڕی عەیارە ٢١، دەبێت ١٢٥ گرام زیو یان مس لەگەڵ ٨٧٥ گرام زێڕی عەیارە ٢٤ تێکەڵ بەیەک بکرێت، هەروەها بۆ ئامادەکردنی ١٠٠٠ گرام زێڕی عەیارە ١٨ پێویستە ٢٥٠ گرام زیو یان مس لەگەڵ ٧٥٠ گرام زێڕی عەیارە ٢٤ ئاوێتە بکرێت».

> لە ئێستادا زێڕ بە زۆری لە ئیماراتەوە هاوردە دەکرێت

ئەو زەڕەنگەرە رونیشکردەوە کە جۆرێکی تر لە عەیاری زێڕ هەیە کە بە ٢٢ ناودەبرێت، بەڵام ئەوە تایبەتە بە لیرەی ئاڵتون و ئەویش وەکو شێوەکانی تر پێوانەی تایبەتی هەیە.
زێڕ وەکو کانزا لە کوردستاندا بونی نییە، یان تائێستا بە فەرمی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ئەم کانزایە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، بەڵام ئایا کام وڵات ریزی پێشەوەی گرتوە لەهەناردەکردنی زێڕ دا بۆ کوردستان؟
سەڵاح مەجید، ٤٢ ساڵ، خاوەنی زەڕەنگەری خاوێن لە کەلار، کە ماوەی ٢٤ساڵە کاری زەڕەنگەری دەکات، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.
وتی: «زێڕ لە زۆر وڵاتەوە هاوردە دەکرا لە رابردودا، بەڵام لەئێستادا وڵاتی شانشینی عەرەبی یەکگرتو (ئیمارات) بە پلەی یەکەم دێت لە هەناردەکردنی زێڕ دا لەسەر ئاستی جیهان، چونکە ئیمارات بە بانکی جیهانی زێڕ دادەنرێت، بۆیە لە کوردستانیش بەزۆریی لەو وڵاتەوە زێڕ هاوردە دەکرێت».
رونیشیکردەوە: وڵاتی تورکیا بە پلەی دوەم و وڵاتی ئێران بەپلەی سێیەم دێت لەو وڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان زێڕی لێ هاوردە دەکات.



بەپێی ئەو وڵاتەی زێڕەکە ئامادە دەکات، جۆرەکەی و کوالێتیەکەی دەگۆڕێت و جیاوازیی و تایبەتمەندی هەیە، بەڵام زێڕی دروستکراوی کامە وڵات زۆرتر رەواجی لە هەرێم و گەرمیان دا هەیە؟
سەڵاح مەجید، وتی: «ئەو وڵاتەی کە زێڕەکەی رەواجی زیاترە، هەمدیسان ئیماراتە کە لەناو خەڵکی دا بە (ئاڵتونی خەلیجی) ناودەبرێت، چونکە کوالێتیەکی باشی هەیە و جوانتر و ئەسڵتریشە».
زەڕەنگەران ئەو زێڕەی کەدەیفرۆشن بەخەڵکی، بڕێک پارەی دەخەنە سەر کە بە «حەقدەست» ناسراوە.
لەبارەی ئەوەی ئەم حەقدەستە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک دیاریی دەکرێت، (ئەیوب ئەحمەد) وتی: «لەهەر مسقاڵێک زێڕ دا ٥ بۆ ١٠ هەزار دینار لەکڕیار وەردەگیرێت وەک قازانج، کە ناسراوە بە (حەقدەست)».
سەبارەت بەوەی کە نرخی زێر چۆن و لە کوێ دیاری دەکرێت، سەلاح مەجید وتی: «نرخی زێر جیهانیەو لە بۆرسەدا دیاریی دەکرێت، ئێمەش نرخەکان لە رێگای کەناڵی CNBC وەردەگرین کە نرخەکان بە بەردەوامی بڵاودەکاتەوە.
وابۆ چوار ساڵ دەچێت کە قەیرانێکی دارایی روی لە هەرێمی کوردستان کردوە، وەک زەڕەنگەران ئاماژەی بۆ دەکەن، قەیرانەکە بەتایبەت ئەوانی پێکاوە.
سەلاح مەجید، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «ئەم قەیرانە دارایە وایکردوە ژنان لەبری ئەوەی کە زێڕ بکڕن، ئەو زێڕانەشی کەهەیانە بیفرۆشن، بەشێوەیەک ژنی وەها هەیە دێت و ئەڵقەی پەنجەی دادەنێت و دەیفرۆشێت بۆ بژێویی».
وتیشی: «قەیرانەکە زۆر کاریگەریی هەبوەو دەتوانم بڵێم سەروی ٨٥٪ ئیشی ئێمەی لاواز کردوە».